خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5777) پێنج شەممە 27ی حوزەیران 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

فازڵ میرانی: هەندێک لە برادەرانی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێن حەقە کاک مەسعود ببێتە مەرجەعی کوردستان و هەموومان

پارتی و یەکێتی ناچارن ئەو وڵاتە بەڕێوەبەرن و ناکرێ ببنە ئۆپۆزسیۆن



فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا باس لە چەند پرسێکی تایبەت بە پرسی پارێزگاری کەرکووک و کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی و پرسی بەشداریکردنی یەکێتی لە حکوومەت دەکات .

لەبارەی قسەکانی سەعدی پیرە لە دەنگی ئەمەریکا ، فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، گوتی: من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە پارتی و یەکێتی ناتوانن پێکەوە حکوومەت پێکبهێنن، مەگەر تەنها ئەوەی پێداگریەک لەلایەن برادەرانی یەکێتییەوە هەبێت کە نایانەوێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنەکان پێکبهێنرێت، جا بڕیاری خۆیانە یا بڕیاری خەڵکی تر ئەوە پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە ، ئینجا لە 1992ەوە تا ئێستا بە شەڕی ناوخۆشەوە، پارتی و یەکێتی پێکەوە ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبەن، خێرە ئێستا ناتوانن پێکەوە حکوومەت پێکبهێنن؟!

ئومێد خۆشناو: دەتوانین لە کۆبوونەوەی نائاساییدا متمانە بە کابینەکەی مەسرور بارزانی بدەین



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە پشووی پەرلەمانی کوردستان و پرسی متمانەدان بە کابینەی نوێمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕادەستکردنی ناوی کاندیدی وەزارەتەکان، دەڵێت: ئەگەر ڕادەستکردنی ناوی کاندیدەکان بکەوێتە کاتی پشووی پەرلەمان، دەتوانن لە کۆبوونەوەی نائاساییدا، متمانە بە کابینەی نوێمی بدەین.

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕووداو رایگەیاندووە، ئەگەر ڕادەستکردنی ناوی کاندیدی وەزارەتەکان بە پەرلەمان، بکەوێتە کاتی پشووی پەرلەمان کە لە 1ی تەمووز دەستپێدەکات، دەتوانن لە کۆبوونەوەی نائاسایدا متمانە بە کابینەکەی مەسرور بارزانی بدەن، یان دەتوانن پشووی پەرلەمان درێژبکەنەوە بۆ دوای پەسندکردنی کابینەی حکوومەت.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان دەکات

پێشهاتە سیاسییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا تاوتوێکران

کونسوڵی بەریتانیا هیوای خواست پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا زیاتر پەرەبستێنێت



دوێنێ چوارشەممە 26/6/2019لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە مارتین وار کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان کرد. لە دیدارەکەدا، کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە بە بۆنەی کۆتاییهاتنی ئەرکەکەی لە هەرێم، هاتووە تا سوپاسگوزاریی خۆی پێشکەش بە سەرۆک بارزانی بکات و خۆشحاڵیی خۆی بە ماوەی کارکردنی لە هەرێم ڕاگەیاند و ستایشی ئەو هەماهەنگی و هاوکارییەی کرد کە لە ماوەی کارکردنیدا لەگەڵ دەزگاکانی حکوومەتی هەرێم بەدی کردووە. هەروەها هیوای خواست پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان زیاتر پەرەبستێنێت.سەرۆک بارزانی سوپاسی کونسوڵی گشتیی بەریتانیای کرد و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکە نوێکەیدا بۆ خواست. هەر لە دیدارەکەدا بیروڕا لەبارەی دوایین پێشهاتە سیاسییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و هەروەها پڕۆسەی سیاسیی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا تاوتوێکرا. هەروەها باسی بەردەوامیی هەڕەشە و مەترسییەکانی داعش لەسەر ئاساییشی عێراق و ناوچەکە کرا و جەخت کرایەوە کە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە ئەرکێکی هەمەلایەنەیە. لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا پێشڕەوچوونی پڕۆسەی سیاسیی هەرێم خرایە بەرباس.

عادل عەبدولمەهدی: پێداگیری دەکەین لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا



سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر گوتی: بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، درێژە بە کۆبوونەوەکانمان دەدەین لەگەڵ هەرێمی کورستاندا. عادل عەبدولمەهدی بە پێویستیزانی هەموو پابەندی یاسای بوودجە بن.

ڕۆژەڤێکەوە دوا و سەبارەت چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر گوتی: بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، درێژە بە کۆبوونەوەکانمان دەدەین لەگەڵ هەرێمی کورستاندا. عادل عەبدولمەهدی بە پێویستیزانی هەموو پابەندی یاسای بوودجە بن.

یەکێتیی ئەورووپا 22 ملیۆن یورۆ بۆ ژمارەیەک پڕۆژە لە کوردستان خەرج دەکات

د. دلاوەر ئازگەیی: یەکێتیی ئەورووپا لە زۆر پڕۆژەی دیکەش هاوکاریی کوردستان دەکات



مالپەڕی پارتی گوتی: بە نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری کۆنفرانسی ساڵانەی یەکێتیی ئەورووپا بووین، کە بۆ ئەو وڵات و هەرێمانە ڕێک خرابوو کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی قەیرانی سووریاوە، لە کۆبوونەوەکەشدا یەکێتیی ئەورووپا دەستخۆشی لە ناوەندی چارەسەرەکردنی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان کرد، کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کارێکی زۆریان لە بواری خزمەتگوزاری و هاوکاریی مرۆیی پێشکەش کردووە.

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا ، ڕایدەگەیەنێت: لە چوارچێوەی هاوکارییەکانی یەکێتیی ئەورووپا بۆ هەرێمی کوردستان، بڕیار دراوە بە خەرجکردنی 22 ملیۆن یۆرۆ بۆ تەواوکردنی ژمارەیەک پڕۆژە.

دلاوەر خالید ئازگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا لە لێدوانێکدا بۆ

هەولێر میوانداریی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی یەکێتیی عەرەبی بۆ کونسوڵە فەخرییەکان دەکات

زیاتر لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە





پۆڵا ئازاد سابیر.. لاوە بەنازەکەی کوردستان لە دیمانەیەکی خەباتدا



هەولێر.. چەند کۆڵانێکی گەڕەکی تەیراوە نۆژەن دەکرێنەوە



بەکارهێنان و بازرگانیکردن و بڕی ماددەی دەستبەسەرداگیراو لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە زیادبوونە

ڕاپۆرتێک لەلاپەڕەی 7-8 بخوێنەوە

نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم بەشداری کۆنفرانسی سالانەی یەکێتیی ئەورووپای کرد

یەکێتیی ئەورووپا 22 ملیۆن یورۆ بۆ ژمارەیەک پڕۆژە لە کوردستان خەرج دەکات

د. دلاوەر ئازگەیی: یەکێتیی ئەورووپا لە زۆر پڕۆژەی دیکەش هاوکاریی کوردستان دەکات



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا، ڕایدەگەیەنێت: لە چوارچێوەی هاوکارییەکانی یەکێتیی ئەورووپا بۆ هەرێمی کوردستان، بڕیار دراوە بە خەرجکردنی 22 ملیۆن یۆرۆ بۆ تەواوکردنی ژمارەیەک پڕۆژە.

دلاوەر خالید ئازگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا لە لێدوانێکدا بۆ مالپەڕی پارتی گوتی: بە نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری کۆنفرانسی سالانەی یەکێتیی ئەورووپا بووین، کە بۆ ئەو وڵات و هەرێمانە ڕێک خرابوو کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی قەیرانی سووریاوە، لە کۆبوونەوەکەشدا یەکێتیی ئەورووپا دەستخۆشی لە ناوەندی چارەسەرەکردنی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان کرد، کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کارێکی زۆریان لە بواری خزمەتگوزاری و هاوکاریی مرۆیی پێشکەش کردووە.

ئازگەیی ئاماژەشی دا: هەر لە کۆبوونەوەکەدا، بڕیار درا کە بڕی 22ملیۆن یورۆ بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان خەرج بکرێت، چونکە زۆربەی ئاوارەکانی سووریا لە هەرێمی کوردستان بوونە و باسی ئەو پڕۆژانەش کرا، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاریی پەنابەر و ئاوارەکان جێبەجێیکردوون، لەبارەی چۆنیەتیی خەرجکردنی پارەکەشەوە، گوتی: بەشێکی پارەکە لە پڕۆژەکانی ئەو کۆمەڵگا و قەزایانە خەرج دەکرێت، کە بە هۆی زۆریی ئاوارە و پەنابەرەوە تووشی کەمبوونی خزمەتگوزاریی کارەبا و ئاو بوونە.

دەشڵێ: لە کۆبوونەوەکە نوێنەری وڵاتانی پارەبەخش ئامادە بوون و ئاماژەیان بەوە دا، کە دەبێت سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەربگرین لە بواری خزمەتگوزاری بۆ ئاوارە و پەنابەران و لە وڵاتانی دیکەش کۆپی بکرێن. ناوبراو ڕوونیشی کردەوە: یەکێتیی ئەورووپا لە زۆر پڕۆژەی دیکەش هاوکاریی کوردستان دەکات، تەرخانکردنی ئەو بڕپارەیەش، یەکێکە لە هاوکارییەکانی دیکەی یەکێتییەکە بۆ هەرێمی کوردستان.

ئومێد خۆشناو: دەتوانین لە کۆبوونەوەی نائاساییدا متمانە بە کابینەکەی مەسرور بارزانی بدەین

دەکرێ پشووی پەرلەمان درێژبکرێتەوە بۆ دوای پەسەندکردنی کابینەی حکوومەت



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە پشووی پەرلەمانی کوردستان و پرسی متمانەدان بە کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕادەستکردنی ناوی کاندیدی وەزارەتەکان، دەڵێت: ئەگەر ڕادەستکردنی ناوی کاندیدەکان بکەوێتە کاتی پشووی پەرلەمان، دەتوانن لە کۆبوونەوەی نائاساییدا، متمانە بە کابینەی نوێەم بدەین. ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕووداو ڕایگەیاندووە، ئەگەر ڕادەستکردنی ناوی کاندیدی وەزارەتەکان بە پەرلەمان، بکەوێتە کاتی پشووی پەرلەمان کە لە 1ی تەمموز دەستپێدەکات، دەتوانن لە کۆبوونەوەی نائاسایدا متمانە بە کابینەکەی مەسرور بارزانی بدەن، یان دەتوانن پشووی پەرلەمان درێژبکەنەوە بۆ دوای پەسندکردنی کابینەی حکوومەت.

شایەنی باسە پێش کۆتایی هاتنی ئەو 3 ڕۆژەی لەبەردەم مەسرور بارزانی، سەرۆکی ڕاسپێردراوی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانە، کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکدەهێندرێت، پێشتریش بەرپرسانی پارتی ڕایانگەیاندووە ئەو لایەنەی کاندیدی خۆی پێشکەش نەکات، پۆستەکانی بە بەتاڵی دەمێننەوە.



هەولێر میوانداریی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی یەکێتیی عەرەبی بۆ کونسوڵە فەخرییەکان دەکات

د.ڤیان سەبری: شاندێکی پەرلەمانی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت: شاندێکی نەوت و غازی پەرلەمان، سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

د. ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، لەمبارەوە بۆ خەبات ڕایگەیاند: لیژنەی نەوت و غازی پەرلەمانی عێراق بۆ تاوتوێکردنی بابەتی نەوت و غاز سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و لەگەڵ حکوومەت و لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمانی کوردستان، گفتوگۆ دەکەن.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی گوتیشی: نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی ڕایگەیاند ئێمە ئامادەین و با ئەوان بێن تەماشای کۆمپانیاکان و ئەو هەنگاوانەی ئەنجام دەدرێن بکەن. هاوکات لەبارەی کاتی هاتنی لیژنەکە لە هەفتەی داهاتوودا بۆ هەرێمی کوردستان، د. ڤیان سەبری ڕاشیگەیاند: نازانم، بەڵام سەردان دەکەن.

سەردانی ژمارەیەک سیاسەتمەدار و بەرپرسانی سیاسی و حکومی و شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت

دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بڕیارە مانگی داهاتوو لە 19 تا 22ی کۆبوونەوەی دووەمی ئەنجوومەنی کارگێڕیی یەکێتیی عەرەبی بۆ کونسوڵی فەخری لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار بەڕێوەبچێت، بە ئامادەبوونی سەرۆکی یەکێتیی عەرەبی بۆ کونسوڵی فەخری، عەلی باجابر و جێگری سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕیی هەریەک لە وڵاتانی عێراق، مەغریب، سعوودییە، میسر، سوودان، موریتانیا، لوبنان، سووریا. ئەحمەد جەلال، کە جێگری سەرۆکی یەکێتیی عەرەبی بۆ کونسوڵی فەخرییە دەشڵێت: کۆبوونەوەکە ژمارەیەک تەوەرەی جوداجودای تایبەت بە کونسوڵە فەخرییەکانی وڵاتانی عەرەبی لەخۆدەگرێت و پاش باس و گفتوگۆی تەوەرەکان، سەردانی ژمارەیەک کەسایەتی و سیاسەتمەدار و کاربەدەستانی حکومی و سیاسی و ئابووری و شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

کونسوڵی فەخری وڵاتی سریلانکا لە هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی یەکێتیی عەرەبی بۆ کونسوڵە فەخرییەکان ئاشکرای دەکات، بۆ یەکەمجار هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان میوانداریی کۆبوونەوەی دووەمی ئەنجوومەنی کارگێڕیی یەکێتیی عەرەبی بۆ کونسوڵە فەخرییەکان لە مانگی داهاتوو دەکات. دکتۆر ئەحمەد جەلال، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بڕیارە مانگی داهاتوو لە 19 تا 22ی کۆبوونەوەی دووەمی ئەنجوومەنی کارگێڕیی یەکێتیی عەرەبی بۆ کونسوڵی فەخری لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار بەڕێوەبچێت، بە ئامادەبوونی سەرۆک

فازڵ میرانی: نابێ پەرلەمان پشوو وەربگرێت تا 30 رۆژەکەی کاندیدی راسپێردراو تەواو نەبێت

ئێمە و یەکێتی رێککەووتنیش بکەین هەر باسی 16ی ئۆکتۆبەر دەکرێت



پرۆسەی دانانی پارێزگاری کەرکووک تەنها بە رێکەوتنی پارتی و یەکێتی نییە، بەڵکو دەبێت بچێتە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و ئەویش بینێرێت بۆ بەغدا بۆ سەرۆکوەزیران و ئەویش بە نووسراو بۆ سەرۆککۆمار بەرزی بکاتەوە، سەرۆککۆماریش بە مەرسومی فەرمی بڕیاری بوون بە پارێزگار دەربکات.

فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا باس لە چەند پرسێکی تایبەت بە پرسی پارێزگاری کەرکووک و کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی و پرسی بەشداریکردنی یەکێتی لە حکوومەت دەکات .

لەبارەی قسەکانی سەعدی پیرە لە دەنگی ئەمەریکا ، فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، گوتی: من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە پارتی و یەکێتی ناتوانن پێکەوە حکوومەت پێکبهێنن، مەگەر تەنها ئەوەی پێداگرێک لەلایەن برادەرانی یەکێتییەوە هەبێت کە نایانەوێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنەکان پێکبهێنرێت، جا بڕیاری خۆیانە یا بڕیاری خەڵکی تر ئەوە پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە، ئینجا لە 1992ەوە تا ئێستا بە شەڕی ناوخۆشەوە، پارتی و یەکێتی پێکەوە ئەم وڵاتە بەرێوە دەبەن، خێرە ئێستا ناتوانن پێکەوە حکوومەت پێکبهێنن؟!

میرانی وەڵامی سەعیدی پیرە دەداتەوە

رۆژی دووشەمە لە وتوێژێکی ژیار محەمەد لە دەنگی ئەمەریکا لەگەڵ سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاندبوو زەحمەتە لەگەڵ پارتی لە کابینەیەکدا بین کە ئەوە سیاسەتی بێت، یەکێتی لەو یارییە تێگەیشتووە، ئیتر ئەوە ناخوات. لە بەرانبەردا فازڵ میرانی، گوتی: من لە قسەکانی کاک سەعدی پیرە تێگەیشتم، خوێندمەوە لە دەنگی ئەمەریکا کە دەڵێت پارتی دەیەوێت کاک مەسعود مەرجەع بێت، ئەمە چیتر ناخوات، هەر خۆیان بە خۆشیەوە (کاک سەعدی پیرە) کە ئیشێکیان کەوتووەتە لای کاک مەسعود و بۆیان جێبەجێکراوە، دواتر خۆیان گوتویانە کاکە ئەم پیاوە نەک تەنها سەرۆکی پارتییە ، ئەمە بکەنە مەرجەعێک بۆ هەموومان، بەڵام دیارە ئیتر بەرژەوەندییەکان (مەبادیئی) داپۆشیوە.

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر ڕوونیکردەوە، من نالێم یەکێتی بە فەرمی داوای کردووە، باسی ئەوانە لە یەکێتی دەکەم کە ئێستا ڕەخنە دەگرن و دەڵێن کاک مەسعود دەیەوێت ببێتە مەرجەع، بەڵام بەشێک لە خۆیان لە ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بە بەندە و بەشێک لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی ئێمەیان گوتووە بە (کاک مەسعود بارزانی بڵێن تەنها وەک سەرۆکی پارتی نەبێت، بەڵکو ببێتە مەرجەعی کوردستان بۆ هەموومان، چونکە هەر ئەومان (کاک مەسعود بارزانی) ماوە بە دەستەوە (جا بەبێ بەڵگە ئەو قسەیە ناکەم و بەڵگەمان لایە بۆچوونی من باشترە خۆمان ڕێکبکەوین وەک لەوەی خەڵکێک بێت بە خورتی ڕێککەوتن لەنێوانماندا بکات، هەروەک چۆن خەڵکێک برادەرانی یەکێتیان نارد بۆ مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک نێچیرڤان، ئەمە نەکرێت لەگەڵ یەکتر باشترە، با خۆمان یەکتر قبوڵ بکەین.

بارزانیی نەمر شۆڕشی ئەیلوولی لەسەر کەرکووک دانا

فازڵ میرانی لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە دۆخی کەرکووک گوتی: کێ کەرکووکی ڕادەستی عێراق کرد؟ ئێمە بووین وا گلەییمان لێدەکرێت ئەمڕۆ؟ نەخێر، هەندێک لە برادەرانی یەکێتی کەرکووک کە دڵی کوردستانە دەریان هێنا و دایان بە خەڵکی تر، جا نەشتەرگەری بۆ دەکەن، دەرزی لێدەدەن، ئەوان نێستا بە ئێمە دەڵێن وەرن چارەسەری بکەن. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی دەنگی ئەمەریکا ، ئێوە وەک پارتی و دروشمی مەلا مستەفای بارزانی لە شۆڕشی ئەیلوول، دروشمتان ئەوە بوو کە کەرکووک دڵی کوردستانە ، ئێستا کە سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی هەرێم لە خۆتانە لە هەرێم بۆ دەتانەوێت هەرێمێک بێ دڵ بەرێوە ببەن؟ سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا گوتی: بارزانیی نەمر بەڕەحمەت بێت، شۆڕشی ئەیلوولی لەسەر کەرکووک دانا بەوەی ئامادە نەبوو نیوەی کەرکووک بداتە حکوومەتی عێراق، کە لێیان پرسی بۆ؟ گوتی: من نامەوێت سبەی کە مردم بێنە سەر قەبرەکەم و پێم بڵێن چۆن سازشت لەسەر بەشێکی خاکی کوردستان کرد؟ مام جەلالیش بە ڕەحمەت بێت، دەیگوت: کەرکووک قودسی کوردستانە، بەڵام قودسی کوردستان و دڵی کوردستان، هەندێک لە برادەرانی یەکێتی چوون ڕادەستی عێراقیان کرد و هیچ ڕێزێکیان بۆ دڵ و قودسی کوردستان دانەنا ، ئینجا ئێستا بە ئێمە دەڵێن وەرن چاکی بکەنەوە، ئێمە بێگومان لەگەڵ چاککردنەوەی داین.

بارزانیی نەمر شۆڕشی ئەیلوولی لەسەر کەرکووک دانا بەوەی ئامادە نەبوو نیوەی کەرکووک بداتە حکوومەتی عێراق کە لێیان پرسی بۆ؟ گوتی: من نامەوێت سبەی کە مردم بێنە سەر قەبرەکەم و پێم بڵێن چۆن سازشت لەسەر بەشێکی خاکی کوردستان کرد؟ مام جەلالیش دەیگوت: کەرکووک قودسی کوردستانە، بەڵام هەندێ لە برادەرانی یەکێتی دڵی کوردستان و قودسی کوردستانیان ڕادەستی عێراق کرد و هیچ ڕێزێکیان بۆ دڵ و قودسی کوردستان دانەنا.

باشترە خۆمان ڕێکبکەوین

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، فازڵ میرانی: ئەوەشی گوت لەلای ئێمە ئاسایشی کۆمەڵگا و ئیستقراری دۆخی کوردستان گرنگە ، ئەوە پۆستی وەزارەتی داد چارەسەرکرا کە من خۆم نایناسم، بەڵام کاندیدێکی سەربەخۆیە و سەبارەت بە کەرکووکیش ئێمە و یەکێتی ڕێککەوتنێکمان هەیە کە هاوتەریب لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەت لەسەر کاندیدێکی پارێزگار ڕێکبکەوین، ئەوان کاتی خۆی کاک فەرەیدوون عەبدولقادریان کاندید کرد، ئێمە ڕازی بووین، ئێستاش بە ئەوانە، پارتی نەک لە کەرکووک لە کوردستانیش نەمێنێت، بۆیە عێراقیان هێنا تا ئێمە لە کەرکووک نەمێنین.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، ئێوە چ هاوپەیمانی ستراتیژیکن کەوا نییەتی یەکتر بخوێنەوە، پێتانوابێت ئەو دەیوێت ئەو لاواز بکات، ئەوی تر دەیەوێت ئەو بسڕێتەوە؟ میرانی لە وەڵامدا گوتی: ئەمە نەخۆشییەکی دژێخایەنی یەکێتی و پارتییە ، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (64 و 66 و 75) و شەڕی ناوخۆ، هەتا شەڕی ناوخۆ لەسەر ئەوە بوو ، نەک لەسەر دووکان و ئێستا ڕاستەوخۆ بێن ئێمە و ئەوان کاندیدی خۆمان بدەین بە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، با وەک پۆستی وەزیری داد کاندیدێکی سەربەخۆ بێت، ئەم شێوازە سیاسەتەی یەکێتی ناخوات نەک ئەوەی ئەوان بە ئێمە دەڵێن ناخوات.

ڕێککەوتنیش بکەین هەر باسی 16ی ئۆکتۆبەر دەکرێت

سەبارەت بە ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی و کاندیدێک بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک، بەتایبەتی کاندیک کە بەشدار نەبووبێت لە شانزەی ئۆکتۆبەر، میرانی گوتی: ئێمە ڕاشکاوانە بە برادەرانی یەکێتیمان گوتووە کە بەوانە ڕازی نابین بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک، بەتایبەتی کاندیک کە بەشدار نەبووبێت لە شانزەی ئۆکتۆبەر، هەم باسی شانزەی ئۆکتۆبەر دەکرێت، دەمی خەڵک بە ئێمە ناگیرێت، ڕۆژێکی ڕەشی مێژوویی. دەشڵێت: شانزە ڕێککەوتنیش بکەین لەسەر باس نەکردنی 16ی ئۆکتۆبەر، بە دڵی من و یا برادەرێکی یەکێتی یا بە ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی نابێت کە باس نەکرێت، چونکە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ڕەشە لە مێژووی کوردستاندا، منداڵەکانی ئێمە و ئەوان دەزانن 16ی ئۆکتۆبەر چییە ؟ تەنانەت منداڵەکانی قارەمانانی شانزەی ئۆکتۆبەریش کە ئێستا لە کەرکووک ناژین وەڵاە پێیان ناخۆشە 16ی ئۆکتۆبەر، ئینجا با ئەوانە بچن لە کەرکووک بژین، دەمی ئەو خەڵکە بە ئێمە ناگیرێت، بڵێین باسی شانزەی ئۆکتۆبەر مەکەن، باشە ئەی بەیاننامەکانی کاک کۆسرەت و مەلا بەختیار چی لێ بکەین کە هی خۆیانە ئەوانیش بسرینەوە لە مێژوو؟

میرانی گوتیشی: من حەزدەکەم ئەوە بزانم، ئەگەر پارێزگاری کەرکووک دابنرێت جا یەکێتی بێت یا پارتی یا دوو پارێزگاریش بێت ئەم سیاسەتی تەعریبە کە ئەوان دەڵێن دەهەزاریەکانی –حی التنک لە هەڵبژاردنی داهاتوو کورد لە کەرکوک دەبێتە کەمینە ئەمەیان پێ چارەسەر ناکرێت، مەگەر ئێمە و یەکێتی بە سەرۆکی هەرێمی تازە و حکوومەتی تازە گشتار لە بەغدا بکەین بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و دەبێت دژی هەڵبژاردن بین، ئێمە و یەکێتی و هەموو حزبەکان تا دۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە هەڵبژاردن نەکرێت لەو شارە. سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی ئەوەشی گوت: حەقوایە کاک بەرهەمیش ڕۆڵی خۆی ببینایە بۆ ئاراستەکردنی برادەرانی یەکێتی بۆ ڕێککەوتن، زاڵ بوون بەسەر ئەو گرفتانە تا ڕێککەوتنەکەیان جێبەجێ بکردایە، هەر قسەکانی خۆی (کاک بەرهەم سالح) لە ڕۆژی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم، هەر ئەوە پەیرەو بکات، حەقە گوێی لێ بگیرێت.

مەحمود سەنگاوی هی ئەوە نییە وەڵامی بدەینەوە

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەبارەت بەوەی بۆچی لە مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم ناوی مام جەلال و کۆسرەت ڕەسوڵ نەبرا تا ئەو ڕادەیەی یەکێتی نیگەران کرد کە مەحمود سەنگاوی بەو جۆرە قسەی لەسەرکردن؟ فازڵ میرانی گوتی: خۆی قسەکانی مەحمود سەنگاوی هی ئەوە نییە مرۆڤ وەڵامی بداتەوە، ئێمە بە ئەنقەست گەورەمان کردەوە خۆ ئەگەر بۆ ئێمە بوایە، ئێمە قوتمان دەدا، بەڵام زماندرێژی بەو جۆرەکرد کە باسی مەلا مستەفا بکات کە هەر چوار پارچەی کوردستان و یەکێتییەکانی پێش 1964یش سوێندییان بەسەری دەخوارد، ئێمە جوابی ئەومان نەدا، جوابی ئەو ڕوونکردنەوە شەرمنانەی یەکێتیمان دایەوە، چونکە زەوی و شتیتر، بەڵام نە ئێمە دەتوانین یەکێتی لاواز بکەین و بیسڕینەوە، نە یەکێتییش دەتوانێت پارتی بسڕێتەوە. یەکێتی بە ئێمە دەڵێن زۆرینەین لە کەرکووک، شەش کورسیان هێناوە و یەکەم بوو لە حەویجەی عەرەبیش کە داعش و بەعسی بوون هەموویان، بەڵام یەکێتی لەوێ یەکەم بوو.

فازڵ میرانی ئەوەشی گوت: یەکێتی بە ئێمە دەڵێت، ئێمە زۆرینەین لە کەرکوک، باشە شەش کورسییان هێناوە و یەکەم بوو لە حەویجەی عەرەبیش کە داعش و بەعسی بوون هەموویان، باشە شەش کورسییان هێنا ئێمە دەمان قەپات کرد، دەمان نەکردەوە، ئێمە تەفزیلی یەکێتیمان کرد لەسەر خەڵکی تر و گوتمان قەینا ئەوانە کوردن، خۆ شەش کورسییەکە هی دوای ڕیفراندۆم بوو ، با لەسەر ئەو قسەیە (جا بەبێ بەڵگە ئەو قسەیە ناکەم و بەڵگەمان لایە) ، بەدڵنیاییەوە بەشێکی زۆریان ئەو مەرجەعییەتە قبوڵ دەکەن بەو مەرجەی تەئمینی بەرژەوەندی ئەوان بکات.

باشترە خۆمان ڕێکبکەوین

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، فازڵ میرانی: ئەوەشی گوت لەلای ئێمە ئاسایشی کۆمەڵگا و ئیستقراری دۆخی کوردستان گرنگە ، ئەوە پۆستی وەزارەتی داد چارەسەرکرا کە من خۆم نایناسم، بەڵام کاندیدێکی سەربەخۆیە و سەبارەت بە کەرکووکیش ئێمە و یەکێتی ڕێککەوتنێکمان هەیە کە هاوتەریب لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەت لەسەر کاندیدێکی پارێزگار ڕێکبکەوین، ئەوان کاتی خۆی کاک فەرەیدوون عەبدولقادریان کاندید کرد، ئێمە ڕازی بووین، ئێستاش بە



بەڕەوپێشچوونی باش بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک هەیە

محەمەد خورشید: پارتی و کەرکووک لەیەکتر جیانەبوونەتەوە

لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێ، ئومێد دەکەین کێشەی پارێزگاری کەرکووک چارەسەر بکرێت"



بەرپرسی لقی سێی پارتی لە کەرکووک، محەمەد خورشید گەشبینیی خۆی بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک بەتایبەت لە ڕێگەی گفتوگۆکانی نێوان حکوومەتی ناوەند و حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە نیشان دا.

محەمەد خورشید لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئانادۆلو سەبارەت بە گەڕانەوەی بارەگاکانی پارتی بۆ کەرکووک گوتی: خودی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو ئەندام و لایەنگر لە کەرکووک هەیە، پارتی و کەرکووک لەیەکتر جیانەبوونەتەوە، بەڵام دەبێت بگوترێت کەی پارتی بارەگاکانی دەگەڕێنێتەوە کەرکووک؟، بەدڵنیاییەوە بەپێی ئەو بەرنامەیەی لەبەردەستی پارتیدایە پێمان وایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت لەگەڵ حکوومەتی عێراق ڕێکبکەون بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک کە ئێستا گفتوگۆکان بەردەوامە و هەنگاوی باشیشی بڕیوە. پێشبینی دەکەم لە دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمیشەوە هەنگاوەکان بۆ هەموو لایەک ڕوون دەبێتەوە.

بەرپرسی لقی سێی پارتی لە کەرکووک، محەمەد خورشید سەبارەت بە بوونی کاتێکی دیاریکراو بۆ کردنەوەی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک ڕایگەیاند: ئێستا کاتێکی دیاریکراو نییە، بەڵام ئێمە لە پارتی بەپێی دەستووری عێراق پێمان وایە ئەو گرفتە واتە گرفتی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک لە نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر دەکرێت، بەڵام گفتوگۆکان باش چوونەتە پێش و ئومێدی باش هەیە. محەمەد خورشید گەشبینی خۆشی لە گفتوگۆکانی نێوان حکوومەتی ناوەند و هەرێمی کوردستان نیشاندا و گوتی: گفتوگۆکان تایبەتە بە ناوچە کێشەلەسەرەکان بەگشتی و کەرکووک سەنتەر و ڕەمزی ئەو ناوچانەیە، هەر ناوچەیەکیش جیاوازیی خۆی هەیە، ڕەنگە ئەو گفتوگۆیانەی لە خانەقین هەیە لە کەرکووک جیاوازبێت، چونکە کەرکووک گەورەترە و ناوچەکە فراوانترە، بەڵام بەگشتی بابەتەکە چووەتە پێشەوە.

بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک، سەبارەت بە دانانی پارێزگارێکیش بۆ کەرکووک گوتی: مەسەلەی دانانی پارێزگاری کەرکووک کۆتایی هاتووە، لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئومێد دەکەین ئەو پرسەی بەڕەو کۆتاییەکان کە چووە چارەسەر بکرێت، چونکە ڕێککەوتنەکە لە نێوان پارتی و یەکێتی کراوە و بە شێوەیەکە دوای ئەوەی کاندیدێک دیاری دەکرێت ڕەزامەندی جەنابی سەرۆک بارزانی و ئەو کەسەی ڕاسپێردراوە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ناوەکەدا کاک کۆسرەت ڕەسول ناوی هاتووە و ئومێد دەکەم ئەو برادەرانەش بە قسەی کاک کۆسرەت بکەن پارێزگاری کەرکووک دادەنرێت.

محەمەد خورشید لەبارەی دیارترین کاندید بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری کەرکووک کە بڕیارە کاندیدی لیستە کوردستانییەکان بێت کە بە لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ناوی هەیە گوتی: کاندیدەکان زیاتر لە ڕاگەیاندن بڵاوکراونەتەوە، ئەوەی بە ڕەسمی بێت جیاوازە لەوەی لە ڕاگەیاندنەکان بڵاوکراونەتەوە، بووەتە نوکتەش هەر ڕۆژە و ناوی کەسێک لە ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرێتەوە، بەڵام بنچینەکە ئەوەیە کە لەم قۆناغەدا پێمان وایە کوردێکی نیشتمانپەروەر بێت و قبوڵکراو بێت لە لایەن هەردوولاوە و لە لایەن لیستی برایەتییەوە پێشکەش بکرێت و نەتەوەکانی دیکەش ڕازی بن بۆ ئەوەی بتوانێت کارەکان بەڕەو ئاسایی ببات.

یوسف بەدیری: هێزەکانی حکوومەت بەرەو شاری غریان پێشڕەویی دەکەن

لە باشووری شاری تەرابلوس، شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزەکانی حکوومەتی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی خەلیفە حەفتەر، ئەحمەد ئەبو شەحمە ڕایگەیاندووە کە شەڕ و پێکدادانەکە لە ناوچەی ئەبو شیبە سەر بە شاری غریان باشووری تەرابلوس ڕوویداوە. دوای ئەوەی لە چواری نیسانی ڕابردوودا، هێزەکانی سەر بە حکوومەتی تەبایی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی خەلیفە حەفتەر، ئەحمەد ئەبو شەحمە ڕایگەیاندووە کە شەڕ و پێکدادانەکە لە ناوچەی ئەبو شیبە سەر بە شاری غریان باشووری تەرابلوس ڕوویداوە.

لیوا خەلیفە حەفتەر ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری تەرابلوس پایتەختی لیبیا دەستپێکرد و لە بەرانبەردا گوتەبێژی هێزەکانی سەر بە حکوومەتی ویفاقی نیشتمانیی لیبیا، عەقید محەمەد قنونو دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنێکی لەڕێز ناوی گرکانی تووڕەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی خەلیفە حەفتەر ڕاگەیاند.

ئەحمەد ئەبو شەحمە ئاماژەی بەوەشداوە کە دوای شەڕ و پێکدادانەکە، هەردوو ناوچەی قەواسم و ئەبو شیبەیان کۆنترۆڵکردووە. لای خۆیەوە سەرۆکی شارەوانی غریان، یوسف بەدیری پشتڕاستیکردەوە کە هێزەکانی حکوومەتی تەبایی نیشتمانی، ناوچەی قەواسم-یان کۆنترۆڵکردووەتەوە و لە ئێستادا بەڕەو شاری غریان پێشڕەویی دەکەن.

ڕووسیا لە مانگی تەموزدا سیستەمی S-400 ڕادەستی تورکیا دەکات



ئالێکساندەر میخیەڤ: سیستەمی بەرگریی S-400 لەسەدا 99ی کارەکانی تەواو بووە

سەرۆکی کۆمپانیای Rosoboronexportی تایبەت بە پیشەسازی بەرگریی ڕووسیا، ئالێکساندەر میخیەڤ ڕایگەیاند کە ئەوان بۆ ڕادەستکردنی سیستەمی بەرگریی ئاسمانی S-400 بە تورکیا لەسەدا 99ی کارەکانیان تەواوکردووە و ئامادەن و ئاشکراشی کرد کە لە مانگی تەموزدا دەست دەکەن بە ڕادەستکردنی سیستەمەکە بە تورکیا و گوتی: ئێستا ئەو بەشەی پەیوەندی بە لۆجیستییەوە هەیە تەواوی دەکەین. میخیەڤ لە مۆسکۆی پایتەخت وەلامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسانی دایەوە و ئاشکرایکرد کە ئەمساڵ لەبارەی خەرجیی هەناردەی چەکەوە سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە دەکەن. میخیەڤ ئاماژەی بەوەشدا کە پێدانی پارەکان بە دراوی نیشتمانی ئەنجامدەدرێت و گوتی: بەکارهێنانی دۆلار و سیستەمی پارەدانی SWIFT لابراون و دەستمانکردووە بە بەکارهێنانی دراوی نیشتمانی. هەر بۆیە ئەنجامدانی بەڵێننامەکان کەمێک دابەزیون. ئەمساڵ چاوەڕێی 13ملیار دۆلار داهات دەکەین. ئالێکساندەر میخیەڤ ڕایگەیاند کە ئەوان بۆ ڕادەستکردنی سیستەمی بەرگریی ئاسمانی S-400 بە تورکیا لەسەدا 99ی کارەکانیان تەواوکردووە و ئامادەن و ئاشکراشیکرد کە لە مانگی تەموزدا دەست دەکەن بە ڕادەستکردنی سیستەمەکە بە تورکیا و گوتی: ئێستا ئەوبەشەی پەیوەندی بە لۆجیستییەوە هەیە تەواوی دەکەین.



تێرێزا مای:

بەردەوامدەبین لە پاڵپشتییە سەربازییەکانمان بۆ پێشمەرگە

تێرێزا مای، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، پاڵپشتیی وڵاتەکەی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دووپاتکردەوە.

لە میانەی پێشوازیکردنی شاندێکی باڵای عێراقی کە نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش تێیدا ئامادە بوو، تێرێزا مای ڕایگەیاند کە حکوومەتی بەریتانیا پابەندە بە بەردەوامی پاڵپشتییە سەربازییەکان بۆ هێزە چەکدارەکانی عێراق و پێشمەرگەی کوردستان. بەریتانیا لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی دژ بە چەکدارانی داعش، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو ڕاهێنانی سەربازی و لۆجیستی بۆ هێزی پێشمەرگە دابین کردووە.

پەرلەمانی ڕووسیا پرۆژەیاسای دەرچوون لە INFی پەسەندکرد

باڵی سەرەوەی پەرلەمانی ڕووسیا، ئەنجوومەنی فیدراسیۆن پرۆژە یاسایەکی پەسەندکرد لەبارەی دەرچوونی ڕووسیا لە پەیماننامەی هێزە ئەتۆمییە مەودا ماماوەندەکان (INF). پرۆژە یاساکە کە پێشنیازی دەرچوونی ڕووسیا دەکات لە پەیماننامەی هێزە ئەتۆمییە مەودا ماماوەندەکان (INF) بەکۆی دەنگ لە ئەنجوومەنی گشتیی پەسەند کرا. دوای پەسەندکردنی، چاوەڕوان دەکرێت پرۆژە یاساکە لەلایەن سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین پەسەند بکرێت.



لە هێرشێکی ئاسمانی ڕژێمی ئەسەد بۆ سەر ئیدلب چوار کەس کوژران

لە ئەنجامی هێرشی ئاسمانی ڕژێمی ئەسەد بۆ سەر ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب چوار کەسی مەدەنی کوژراون و نۆی دیکەش بریندارببوون. فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی ئەسەد چواردەوری ناوەندی پارێزگای ئیدلب، شارۆچکەی مەعەرەت نوعمان و گوندەکانی کەفەر سەجنە، حەمیدیە، ڕوبع جوز، خیش و سەلت زهوریان بۆردوومانکرد و بەهۆیەوە لە حەمیدیە و مەعەرەت نوعمان دوو کەس و لە سەلت زهور دوو کەس کوژران و نۆی دیکەش بریندارببوون.

کۆمەڵگەی مەدەنی ئیسپانی ڕاپۆرتی "ژیان لە لێواری مەرگدا"ی بڵاوکردەوە

چارەنووسی لەسەدا 75ی کۆچبەرە نایاساییە بێسەروشوێنەکانی دەریای سپی نازانرێت

ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ئیسپانیی کانیماندۆ فرۆنتێراس لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرایکردووە چارەنووسی لەسەدا 75ی ئەو کۆچبەرە نایاساییانەی کە لە دەریای سپیدا بێسەروشوێنبوون، نازانرێت. کانیماندۆ فرۆنتێراس ڕاپۆرتەکەی لەژێر ناونیشانی ژیان لە لێواری مەرگدا بڵاوکردووەتەوە و جەختی لەوەکردووەتەوە کە کارەساتی کۆچبەرە نایاساییەکانی دەریای سپی زۆر لەو ڕەهەندەی کە دەزانرێت گەورەترە.لە ڕاپۆرتەکەدا باس لەوەشکراوە لە ماوەی 16 مانگی ڕابردوودا، لە خۆرئاوای دەریای سپی لە ناوچەی نێوان ئیسپانیا و مەغریب، 70 بەلەم و کەلەک کە کۆچبەرە نایاساییەکانیان هەڵگرتبوو، ژێر ئاوکەوتوون و لە کۆی هەزار و 20 کۆچبەر تەنها تەرمی 240یان دۆزراونەتەوە. 816 کۆچبەرەکەی دیکە کە ئەوان مەزندە دەکەن مردبێتن، چارەنووسیان نادیارە. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت چارەنووسی لەسەدا 70ی ئەو کۆچبەرە نایاساییانەی کە لە دەریای سپیدا بێسەروشوێنبوون، نازانرێت.





سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل:

سەدان هێرشمان کردووەتە سەر ئامانجەکانی ئێران لە سووریاو لە داهاتووشدا ئەو هێرشانە بەردەوامیان دەبێت

لە سایەی دەسەڵاتی ترەمپدا، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەمەریکادا گەیشتووەتە ئاستێکی بەرزتر

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو ڕایگەیاند کە لە ماوەکانی ڕابردوودا سەدان هێرشیان کردووەتە سەر ئامانجەکانی ئێران لە سووریا، جەختی لەوەش کردەوە کە لە داهاتوودا ئەو هێرشانە بەردەوامیان دەبێت.

لە مەیانی دەستپێکردنی لووتکەی سێقۆڵیی ئەمنی نێوان ئیسرائیل، ئەمەریکا و ڕووسیا کە لە ئۆرشەلیم بەڕێوەدەچێت، بێنیامین ناتانیاهو گوتارێکی پێشکەش کرد و تیادا تیشکی سەر ڕۆژهەڵاتی سووریا.

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو گوتی: وەک بۆ هەموو لایەک ڕوونە، سەدان جار ئیسرائیل هەوڵیداوە ڕێگری بکات لە بوونی سەربازیی ئێران لە سووریا، چونکە ئێران بەئاشکرا هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە ئیسرائیل لەناو دەبات. گوتیشی: ئیسرائیل بەردەوام دەبێت لە ڕێگرکردن لە ئێران بۆ ئەوەی خاکی دراوسێیەکانمان بۆ هێرشکردنە سەرمان بەکار نەهێنێت، ئیسرائیلیش بەتوندی وەڵامی ئێران دەداتەوە ئەگەر هەوڵ بدات هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل. سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل باسی لە هاوکارییەکانی نێوان ئیسرائیل، ئەمەریکا و ڕووسیا کرد و گوتی: هاوکارییەکانی نێوانمان بەجۆرێکە زۆر لەوە زیاترە کە پێشبینی دەکرێت، ئەم لووتکەیە دەرفەتێکی ڕاستەقینە دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە بە تایبەتیش لە سووریا بەدی بێت.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ هەریەک لە ئەمەریکا و ڕووسیا، بێنیامین ناتانیاهو گوتی: لە سایەی دەسەڵاتی سەرۆک دۆنالد ترەمپدا، پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ ئەمەریکادا گەیشتووەتە ئاستێکی بەرزتر، هەروەها پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ ڕووسیاشدا لە هەر کاتێکی زیاتر زۆر بەهێز و پتەوە.

لە کۆتاییدا، بێنیامین ناتانیاهو گوتی: ئیسرائیل، ئەمەریکا و ڕووسیا سووریایەکی ئاسایش و سەقامگیریان دەیەوێت، هەروەها یەک ئامانجی هاوبەشی کۆمان دەکاتەوە؛ ئەویش ئەوەیە ئەو هێزە بیانیانەی لە دوای ساڵی 2011ـەوە هاتوونەتە ناو سووریا، بکشێنەوە.

ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ ئەمەریکا و ئێران:

بە گفتوگۆ و دانوستان گرژیی و ناکۆکییەکانی نێوانتان چارەسەر بکەن

نوێنەری ئەمەریکا: ئێران بەرپرسە لە هێرشەکانی سەر کەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە کەنداو

باڵیۆزی ئێران: گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ئەمەریکادا ساز ناکەین



ئەنجوومەنی ئاسایش نێودەوڵەتی بانگەوازێکی ئاراستەی ئەمەریکا و ئێران کرد و داوای کرد بە گفتوگۆ و دانوستان گرژیی و ناکۆکییەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. ڕۆژی دووشەمە ئەنجوومەنی ئاسایش، نێودەوڵەتی دانیشتنێکی داخراوی لەسەر داوای ئەمەریکا سەبارەت بە ئێران ساز کرد و دوای دانیشتنەکەش سەرۆکی ئەم خولەی ئەنجوومەنی ئاسایش و باڵیۆزی کوێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان، مەنسور عتێبی بۆ ڕۆژنامەوانان دوا. مەنسور عتێبی گوتی: لە دانیشتنەکەدا، ئەنجوومەنی ئاسایش ئیدانەی ئەو هێرشانەی کرد کە لە ماوەکانی ڕابردوودا کرانە سەر کەشتییە نەوت هەڵگرەکان لە کەنداو. سەرۆکی ئەم خولەی ئەنجوومەنی ئاسایش، مەنسور عتێبی ئاشکرایشیکرد کە لە دانیشتنەکەدا، ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش بانگەوازێکیان ئاراستەی ئەمەریکا و ئێران کردووە کە بە گفتوگۆ و دانوستان، گرژیی و ناکۆکییەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. لای خۆیەوە باڵیۆزی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان، مەجید تەخت ڕەوانچی ئەمەریکای بەوە تۆمەتبار کرد کە ڕێگەی پێنەداوە بەشداری دانیشتنەکە بکات. مەجید تەخت ڕەوانچی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: لە بەردەوامی هەڕەشە و تۆقاندنەکاندا، گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ئەمەریکادا ساز ناکەین. ڕەوانچی ئەوەشی گوت: چۆن لەگەڵ کەسێکی شێتدا "دۆنالد ترەمپ" گفتوگۆ و دانوستان بکەین کە لە لایەک داوای گفتوگۆ دەکات و لە لایەکی دیکیشەوە سزای زیاتر بەسەر ئێراندا دەسەپێنێت.


جێی باسە ڕۆژی دووشەمە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ بڕیارنامەیەکی سەرۆکایەتی واژۆو کرد و تیادا سزای نوێی بەسەر ئێراندا سەپاند و سزاکانیش ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی خامنەیی گرتووەتەوە.

هەروەها هەڵسوڕێنەری کارەکانی نوێنەری ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان جۆناپان کۆهین بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وت سیاسەتی واشنتن بەرامبەر تاران هێشتا بەندە بە هەوڵە ئابووری و سیاسییەکانەوە بۆ گەڕاندنەوەی ئێران بۆ سەر مێزی گفتوگۆ. دوای کۆبوونەوە داخراوەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆهین لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاند بە ئەنجومەنەکەی ڕاگەیاندووە کە بەڵگەکانی ئەمەریکا دەربارەخەن ئێران بەرپرسە لە هێرشەکانی سەر کەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە کەنداو، هەروەها داوای لە جیهان کرد بە ئێران بڵێن ئەمە جێی قبوڵکردن نییە.

وەزیری دەرەوەی ڕووسیا:

تۆمەتبارکردنی ئێران بەبێ بەڵگە قبووڵکراو نییە

بە هۆی سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران تا دێت ڕەوشەکە مەترسیدار دەبێت



وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سێرگی لاڤڕۆڤ کاردانەوەی نیشاندا سەبارەت بە تۆمەتبارکردنی ئێران بە هێرشکردنە سەر کەشتییە نەوت هەڵگرەکان لە دەریای عومان. ئاژانسی هەواڵیی Sputnik باڵاویکردەوە، سێرگی لاڤڕۆڤ گوتوویەتی: تۆمەتبارکردنی ئێران بە هێرشکردنە سەر کەشتییە نەوت هەڵگرەکان بەبێ بەڵگە، قبووڵکراو نییە و ڕەتدەکەینەوە. وەزیری دەرەوەی ڕووسیا تیشکی خستووەتەسەر ئەوەی کە گرنگە لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر لەبارەی ئەو هێرشانەوە بکرێت دوای لێکۆڵینەوەکەش ئەو لایەنە ئاشکرا بکرێت کە بەرپرسە لە ئەنجامدانی هێرشەکان.

وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، سێرگی لاڤڕۆڤ ئەوەی خستووەتەڕوو کە وڵاتەکەی لەبەرامبەر سزاکانی ئەمەریکا بۆسەر ئێران هەست بە نیگەرانی دەکات و ئاماژەی بەوەداوە بە هۆی سزاکانی ئەمەریکاوە بۆسەر ئێران تا دێت ڕەوشەکە مەترسیدار دەبێت. جێی باسە لە ماوەکانی ڕابردوودا، دوو کەشتی نەوت هەڵگر لە دەریای عومان ڕووبەڕووی هێرش بوونەوە. ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیشی لە ناوچەی کەنداو بە تایبەتیش سعوودیە، ئێرانیان بەوە تۆمەتبارکردووە بەوەی کە لە پشت ئەنجامدانی ئەو هێرشانەوەیە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەمیداری گشتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسیا، نیکۆلای پیترۆشیڤ لەبارەی خستنە ڕووەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکەی ئەمەریکا لەلایەن ئێرانەوە ڕایگەیاندووە، لەو کاتەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەی ئەمەریکا لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە خراوەتە خوارەوە لە کایەی ئاسمانی ئێراندا بووە. نیکۆلای پیترۆشیڤ گوتیشی: بەپێی ئەو زانیارییانەی لە وەزارەتی بەرگریی ڕووسیاوە وەرمگرتوون فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەی ئەمەریکا لە کایەی ئاسمانی ئێراندا بووە.

ئێران لەبارەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمییەوە هەڕەشە لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا دەکات



وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف ئاشکرایکرد هۆکارگەلێک هەن کە بەس بن بۆ ئەوەی وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا پابەند بن بە بەرپرسیارێتییەکان لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی و ئەگەر بێت و بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکەن، ئەوا پێویستە دەرەنجامی ئەو کارە لەبەرچاوبگرن. لە مەیانی بەشداریکردنی لە پێشانگایەکی فۆتۆگرافیی لە تارانی پایتەخت، محەمەد جەواد زەریف ڕوونکردنەوەی سەبارەت بە میکانیزمی ئینستێکس و خستنە خوارەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانە ئەمەریکییەکە دایە ڕۆژنامەوانان.

زەریف لەبارەی دواکەوتنی جێبەجێکردنی میکانیزمی ئینستێکس کە بەمەبەستی دڕێژەدان بە بازرگانیی نێوان فەڕەنسا، ئەڵمانیا و بەریتانیا لەگەڵ ئێراندا دڕووستکراوە، ئاماژەی بەوەکرد ئەم میکانیزمە هەنگاوێکە بۆ سەرەتا و تەنانەت ئەگەر بە تەواوەتیش جێبەجێ بکرایە، ئەوا لە ئاست ئەو بەڵێنانەدا نەدەبوو کە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا لەدوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی دابوویان. زەریف ڕایگەیاند: هۆکارگەلێک هەن کە بەسن بۆ ئەوەی وڵاتانی ئەورووپا هەنگاو بهاوێژن. ئەگەر بێت و بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکەن، ئەوا پێویستە دەرەنجامی ئەو کارە قبوڵبکەن. سەبارەت بە دەنگۆکان لەبارەی ئەو سیستەمەی کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانە ئەمەریکییەکەی خستە خوارەوە، بەوەی کە سیستەمێکی ڕووسییە، زەریف باسی لەوەکرد کە پسپۆڕی بوارەکە نییە بەڵام سیستەمەکە لە لایەن ئێرانەوە دڕووستکراوە.

دۆنالد ترەمپ: بۆ هێرشکردنە سەر ئێران پێویستیم بە ڕەزامەندی کۆنگرێس نابێت

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند کە لەسەر گرژییەکانیان لەگەڵ ئێران بەردەوام کۆنگرێس ئاگادار دەکەنەوە، بەڵام بۆ هەر هێرشێک کە وڵاتەکەیان دەکاتە ئامانج، ئەوا پێویستیان بە ڕەزامەندی کۆنگرێس نییە. دۆنالد ترەمپ لە میانی هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ سایتی نیوتەرنێتی زە هیڵ، باسی لە گرژییەکانی ئەمەریکا و ئێران کردووە. سەرۆکی ئەمەریکا لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا دەسەڵاتی هیچ جۆرە هێرشێکی هەیە بۆسەر ئێران بەبێ ڕەزامەندی کۆنگرێس یاخود نا لە وەڵامدا گوتی: بەڵێ دەسەڵاتی ئەمەم هەیە. ترەمپ گوتیشی: لەبارەی ئەو شتانەی لەگەڵ ئێران دەیکەین بەردەوام کۆنگرێس ئاگادار دەکەینەوە، وابزانم ڕێز لەمە دەگرن. دەمەوێت زانیاریان بدەمێ بەردەوام، بەڵام هیچ زۆرەملێییەکی یاساییم لەسەر نییە بۆ ئەمە. لەکاتێکدا پێشتر سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکرات لە ئەنجومەنی نوێنەران، نانسی پیلۆسی ڕایگەیاندبوو، دەبێت دۆنالد ترەمپ پێش ئەوەی لە ئێران بدات مۆڵەت لە ئێمە وەرگرێت لە بەرامبەردا سەرۆکی ئەمەریکا گوتی: لەگەڵ ئەمەدا نیم؛ زۆر کەس لەگەڵ ئەمەدا نییە. دۆنالد ترەمپ ئاماژەی بەوەش دا کە زۆر نزیکبوویەوە لە ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئێران و گوتی: بەڵام دواتر بڕیارم دا ئەمە نەکەم، بڕیارەکەم تا شوێنێک دەدا، بەڵام دواتر بڕیارم دا نەیکەم چونکە گونجاو نەدەبوو.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/6/27 ژمارە (5776)
خەبات

بەپێی دواینِ ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، 275 ملیۆن کەس

بەکارهێنان و بازرگانیکردن و بڕی ماددەی دەستبەسەرداگیراو لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە زیادبوونە

بەپێی دواینِ ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، 275ملیۆن کەس لە جیهاندا ماددەی هۆشبەر بەکار دەهێنن، کە دەکاتە 5.6% دانیشتووانی.گۆی زەوی و تەمەنیان بە گشتی لە نێوان 15 بۆ 64 ساڵدایە و 13.8 ملیۆن کەسیشیان تەمەنیان لە نێوان 15 بۆ 16 ساڵیدایە.بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاتر لە 31 ملیۆن کەس پێویستیان بە چارەسەری پزیشکی هەیە، هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لە ساڵی 2015دا زیاتر لە 450 هەزار کەس بە هۆی بەکارهێنانی حەب و دەرزی و ماددەی هۆشبەرەوە مردوون، لە هەرێمی کوردستانیش مەترسیی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر تا دێت زیاتر دەبێت.





جەلال ئەمین بەگ:
لەماوەی شەش مانگدا 160 کەس لە سلێمانی لەسەر ماددە هۆشبەرەکان دەستگیرکراون

دوێنێ ڕۆژی جیهانی دژ بە بەکارهێنانی هۆشبەر و بازرگانیکردن پێیدا، ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە لە سلێمانی ڕاگەیەنرا و ئاماژەیان بە ژمارەی ئەو کەسانە کرد کە لە ماوەی شەش مانگی ساڵی 2019دا دەستگیر کراون.

جەلال ئەمین بەگ، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەولێر، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە بارەگای ئاسایشی هەولێر بەڕێوەچوو، ئاماژەی بەوە کرد کە لە ماوەی شەش مانگی ساڵی 2019دا 160 کەس لە سلێمانی لەسەر ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون.

جەلال ئەمین بەگ، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو کەسانەی تۆمەتبارن و دەستگیرکراون ژمارەیان 651 کەس بووە، هەروەها لەو تۆمەتبارانەش 225 کەس سزادراون، ئەوەش بۆ ماوەی 2 ساڵ بۆ 15 ساڵ.

بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەولێر ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو کەسانەی تۆمەتبارن و دەستگیرکراون 416 کەسن. سەبارەت بە بڕی ئەو ماددە بێهۆشکەرانەی دەستیان بەسەردا گیراوە، لە ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکراوەدا و ڕایدەگەیەنێت بەداخەوە ماددە هۆشبەرەکان کە زیانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووریشی هەیە و دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە، کۆمەڵگەی کوردەواریشی گرتووەتەوە و لەم دەردە کوشندەیە بێ بەش نەبووە. لەو ڕاگەیەنراوەدا کە چەندین ئاماریش خراونەتە ڕوو، بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕایدەگەیەنێت: بەکارهێنان و بازرگانیکردن و بڕی ماددەی دەستبەسەرداگیراو لەهەرێمی کوردستان ڕوو لە زیادبوونە و ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سەر نەتەوە و هەرێمەکەمان. هەرچی ئامارەکانیشە بەمشێوەیە خراونەتە ڕوو: لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ 2019 ئەو کەسانەی تۆمەتبارن و دەستگیرکراون ژمارەیان 651 کەس بووە، هەروەها لەو تۆمەتبارانەش 225 کەس سزادراون، ئەوەش بۆ ماوەی 2 ساڵ بۆ 15 ساڵ.

تۆمەتبارانەی پەڕاویان لەژێر لێکۆڵینەوەدایە تا ئێستا کێشەکانییان لە دادگا یەکلایی نەبووەتەوە 416 کەسن. سەبارەت بە بڕی ئەو ماددە بێهۆشکەرانەی دەستیان بەسەردا گیراوە، لە دوێنێ ڕۆژی جیهانی ماددە هۆشبەرەکان بوو، بەو بۆنەیەوە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوەدەچوون.

هیرۆیین بەشی هەرە زۆری ئەو ماددە هۆشبەرانە پێکدەهێنێت، کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا دەستی بەسەرداگرتوون. بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر کە سەربە ئاسایشی هەرێمی کوردستانە بەبۆنەی 26ی حوزەیران ڕۆژی جیهانی بەرنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان



دوێنێ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ماددەی هۆشبەر بە ئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف بە وەکالەت و د. دیار جباری بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی بەوەکالەت و سکرتێری یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان و مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتی ئایینی بەڕێوەبەرایەتی حکومی حزبی شارەزانی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان، بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر کۆنفرانسی بەرەنگاری ئافاتی ماددەی هۆشبەر لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆنفرانسە وەزیری ئەوقاف وتارێکی پێش کەش کردو تیایدا وێرای بەخێر هێنانی میوانان ڕووناکی خستە مەترسیە ڕاستە قینەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرو مامەڵەو بازرگانی کردن پێیەوە و ڕایگەیاند، کە بۆ بەرەنگاربوونەوەو چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیە جدیە هاوکاری و هەماهەنگی هەمەلایەنەی پێویستە، لەنێویشاندا مامۆستایانی ئایینی بەڕێزی کوردستان کە دەتوانن ڕۆڵی کاریگەرو جدی ببینن بۆ هۆشیارکرنەوەی لاوان و گەنجانمان لە مەترسیە کوشندەکانی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرو جۆرەکانی. هەروەها گوتی: بە حوکمی جوگرافیا کوردستان لەنێو قولآیی مەترسیەکانی ماددە هۆشبەرەکاندایە، چونکە لە ناوچەکەدا ئەم کردارە کوشندەیە بەئاشکرا مامەڵەی پێوە دەکرێت، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان پێکەوە بە دەستەکۆمەڵ کاربکەین بۆ دروختنەوەی لاوان وگەنجانمان لە مەترسیەکانی ئەم دیاردە ترسناک و کوشندەیە. بۆ ئەمەش وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی چەندین پرۆژەی گرنگی خستۆتە ڕوو کاری لەسەر کردوە و بەرنامەی تری گرنگیش هەیە بۆ ئەم مەبەستە.

دوێنێ ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بوو، بەو بۆنەیەوە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوەدەچوون.

هیرۆیین بەشی هەرە زۆری ئەو ماددە هۆشبەرانە پێکدەهێنێت، کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا دەستی بەسەرداگرتوون. بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر کە سەربە ئاسایشی هەرێمی کوردستانە بەبۆنەی 26ی حوزەیران ڕۆژی جیهانی بەرنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان

وەزیری ئەوقاف: مامۆستایانی ئایینی دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر ببینن لە هۆشیارکردنەوەی لاوانمان لە مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەردا

دوێنێ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ماددەی هۆشبەر بە ئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وبەڕێوەبەرانی ئەوقاف وتارێکی پێش کەش کردو تیایدا وێرای بەخێر هێنانی میوانان ڕووناکی خستە مەترسیە ڕاستە قینەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرو مامەڵەو بازرگانی کردن پێیەوە و ڕایگەیاند، کە بۆ بەرەنگاربوونەوەو چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیە جدیە هاوکاری و هەماهەنگی هەمەلایەنەی پێویستە، لەنێویشاندا مامۆستایانی ئایینی بەڕێزی کوردستان کە دەتوانن ڕۆڵی کاریگەرو جدی ببینن بۆ هۆشیارکرنەوەی لاوان و گەنجانمان لە مەترسیە کوشندەکانی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرو جۆرەکانی. هەروەها گوتی: بە حوکمی جوگرافیا کوردستان لەنێو قولآیی مەترسیەکانی ماددە هۆشبەرەکاندایە، چونکە لە ناوچەکەدا ئەم کردارە کوشندەیە بەئاشکرا مامەڵەی پێوە دەکرێت، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان پێکەوە بە دەستەکۆمەڵ کاربکەین بۆ دروختنەوەی لاوان وگەنجانمان لە مەترسیەکانی ئەم دیاردە ترسناک و کوشندەیە. بۆ ئەمەش وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی چەندین پرۆژەی گرنگی خستۆتە ڕوو کاری لەسەر کردوە و بەرنامەی تری گرنگیش هەیە بۆ ئەم مەبەستە.

بە بەشداری 100 کۆمپانیا لە پێنج وڵات یازدەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر کرایەوە



لەداهاتوودا جێبەجێ دەکات.

دواتر لە کۆنفرانسەکەدا چوا پەنێلی جیا لەلایەن کەسانی تایبەت مەند بە بوارەکە پێش کەش کران.

لەلایەنی مامۆستایانی ئایینی بەڕێزی بەشدار بووەو چەندین خاڵی گرنگ و بەسوود خرانە ڕوو، لەکۆتایدا کۆنفرانسەکە بەچەند ڕاسپاردەیەکی گرنگ و سوود بەخش کە ئاراستەی لایەنی پەیوەندی دار دەکرێت کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

پەنێلی یەکەم /بژار کۆچەر سەرۆکی لێژنەی یاسایی لەپەر لەمانی کوردستان.

پەنێلی دووەم /سید سدیق کەپرانی بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێر.

پەنێلی سێ یەم /شێروان خسرۆ سلیم ڕاهێنەر لە چارەسەری توش بوانی ماددەی هۆشبەر.

پەنێلی چوارەم/مقدم بەختیار کریم مولودبەڕپرسی بانکی زانیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ماددە هوشبەرەکان.

جێگەی ئاماژەیە لێژنەی بژاردی ووتاری هەینی ووتارەکانی هەینی ئەم هەفتەیە لەسەر تاسەری کوردستان تایبەت دەبێت بە چۆنیەتی بەرەنگای ماددەی هۆشبەر.

بە بەشداری سەد کۆمپانیا لە پێنج وڵات، پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ بیناسازی و کارەبا و وزە لە هەولێر کرایەوە. لە ڕێورەسمەکەدا، هەریەک لە سەرۆکی سندوقی دووبارە ئاوەدانکردنەوەیەکی باش لە عێراق دەستیپێکردووە ئەنجامەکانی کۆنگرەی کوێت بووە هۆی تەرخانکردنی بڕە پارەیەکی زۆر کە دەگاتە 30 ملیار دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق لە پارەی سندوقی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکان بە لانیکەم لە پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکووک چەندین پرۆژە لە نێوان ساڵانی 2018-2019ئەنجامدراوە، نزیکەی 170 ملیار دینار لە بوودجەی عێراق بۆ ئەو دوو پارێزگایە تەرخانکراوە، بۆ نەینەوا 145 ملیۆن دۆلار وەکو قۆناغی یەکەم، هەروەها 145 ملیۆن دۆلاری دیکەش ئامادەیە بۆ پارێزگای نەینەوا پارەکە ئامادەیە و هیچ دواکەوتنێک لە پێدانی پارەکەدا نییە. پارێزگاری هەولێر، نەوزاد هادی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا تیشکی خستە سەر گرنگی پێشانگاکە و گوتی: ئەم پێشانگایە تایبەتە بە ئاوەدانکردنەوەی عێراق و ئەو شوێنانەی کە لەژێر دەستی داعش ڕزگارکراون، بێگومان پرۆژەیەکی ئێجگار زۆر لە ناوچە ئازادکراوەکان هەیە، دەرفەتێکی باشە بۆ بازرگانان بۆ ئەوەی توانای خۆیان بخەنەگەڕ و بەشدارین لەو پرۆژانەی لە مووسڵ و کەرکووک هەیە، ئێستا پرۆژەکان پارەکانیان کاش دەدرێت و ئێمەش داوا دەکەین کە بازرگان و کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان بە هێزەوە بچنە ناو پرۆسەکە و بەشداربن لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان.

بەڕێوەبەری پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر، سۆران قادر بۆ ئاژانسی ئانادۆلۆ گوتی: ئەمە یازدەهەمین پێشانگایە ئەمساڵ دەکرێتەوە و گرنگییەکی زۆری هەیە لە بواری ئالوگۆڕی بازرگانی و پتەوکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتان، لەم پێشانگایەدا سەد کۆمپانیا لە پێنج وڵاتی جیاوازەوە کە بریتین لە وڵاتانی، تورکیا، ئازەربایجان، کوێت، ئێران و عێراق و کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستانیش بەشدارن. ناوبراو گوتیشی: سەدا 48ی کۆمپانیا بەشداربووەکان، کۆمپانیاکانی تورکیان کە بە قەبارەیەکی گەورەوە بەشدارن و ئەم پێشانگایەش ماوەی چوار ڕۆژ دەخایەنێت کە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆ تا حەوتی ئێوارە کراوە دەبێت و هاوولاتیان دەتوانن سەردانی بکەن.

شۆفیری تەکسییەکانی کەرکووک خۆپێشاندانیان ئەنجام دا



خەبات ـ ئارام شێرکۆ: دوێنێ بەشێک لە شۆفیرانی تەکسی خۆپێشاندانێکیان ئەنجام دا بۆ ئەوەی بەنزینخانەیەکی حکوومی تایبەت بکرێت بەوان بۆ وەرگرتنی بەنزین. وەرگرتنی بەنزین لە بەنزینخانە حکومییەکانی کەرکووک بە کۆپوون تەوزیع دەکرێت بە سەر ئۆتۆمبیلەکانی ئەو شارە و لە بەرامبەر هەر لترێک بەنزین 450دینار وەردەگیرێت ، لە ئێستایش شۆفێری تەکسییەکان داوە دەکەن بەنزینخانەیەکی تایبەت بکرێتەوە بۆ ئۆتۆمبیلە تەکسیەکان. سەبارەت بەمەیش یەکێک لە و شۆفێرە تەکسیانە لە لێدوانێکی تایبەتی پێیڕاگەیاندین: ئێمە بە شێوەیەکی هێمانانە ئەم خۆپێشاندانەمان ئەنجام داوە بۆ داواکردنی مافی خۆمان هیچی تر، ئەویش ئەوەیە کە حکومەت بەنزینخانەیەکی حکومی تەرخان بکات بۆ ئۆتۆمبیلە تەکسیەکان. ئەو شۆفیرە گوتیشی: هەموو دەزانین لە کەرکووک بەنزین وەرگرتن بە کۆپۆنە، بەنزینخانەکان بەشێوەیەکی بەرچاو قەرەبالغن، ئێمەیش داوامان کردوە بەنزینخانەیەکی حکومی تەرخان بکرێت بۆ ئۆتۆمبیلە تەکسیەکان یەکەم لە بەر ئەوەی کە زۆر قەرەبالغ نەبێت. دووەم بۆ ئەوەی کوالیتی بەنزینەکەمان خراپ نەبێت، چونکە ئەو بەنزینخانە ئەهلیانەوە کە تەرخانکراوە کوالیتی بەنزینەکەیان وەک پێویست نیە، ئەمەیش کێشە بۆ ئۆتۆمبیلەکانمان دروست دەکات.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/6/27 ژمارە (5776)

لە جیهاندا ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن، کە دەکاتە 5.6% دانیشتووان





تاقگە عومەر:
لە ساڵی 2018دا ئەوانەی بە ماددەی هۆشبەر حوکم دراون لە هەرسێ پارێزگای کوردستان هەولێر، سلێمانی، دهۆک، 1146 کەس بوون و 987 کەسیش لە ماددەی هۆشبەرەوە گلاون

شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە ئاشکرای دەکات، بڕی 92 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر دەستی بەسەردا گیراوە کە بەم شێوەیە بۆسەر جۆرەکانییان دابەش بوون: 87 کیلۆ و 151 گرام هیرۆین، دوو کیلۆ و 827 گرام کریستاڵ، هەروەها یەک کیلۆ و 500 گرام تلیاک، لەگەڵ 732 گرام حەشیش. سەبارەت بە پارچەی حەبەکانیش کە ماددەی هۆشبەریان تیادایە بەپێی ڕاگەیەنراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتی ماددە هۆشبەرەکان ڕوونکراوەتەوە بڕی حەوت هەزار و 579 شیت حەبی هۆشبەریش دەستیبیان بەسەردا گیراو. پەیوەست بەو پرسەوە لەگەڵ ئەو ماددانەدا دەستگیراوە بەسەر 200 هەزار دیناری عێراقی ساختە و چوار هەزار و 600 دۆلاری ئەمریکی ساختە.

هەر بەو بۆنەیەوە، لە سلێمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا، بەڕێوەبەری نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سلێمانی، جەلال ئەمین بەگ ئاماری کار و چالاکییەکانی تایبەت بە هێزەکانیان ڕاگەیاند و گوتی: لە میانی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ئەو کەسانەی لەسەر بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان گیراون 160 کەس، بەداخەوە لەنێو گیراوەکاندا ئافرەتان و منداڵانی خوار تەمەن 18 ساڵان هەیە کە بازرگانی و بەکارهێنەرن.

هەروەها گوتی: ئامارەکان جێگای نیگەرانین کە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تۆمارکراون، ئەوەش بەراورد بە ساڵی ڕابردوو کە 240 کەس بووە زیاتر بووە و تا شەش مانگی داهاتوو ژمارەکە بەرزتر دەبێتەوە.

نیگەرانی خۆشی نیشاندا لە زۆربوونی ژمارەی کافتریا و شوێنەکانی تایبەت بە نێرگەلە کێشان و مانەوەی کوڕان و کچان تا کاتێکی درەنگانی شەو بە دیار نێرگەلە کێشانەوە، ئەوەشی بە هۆکارێک بۆ تێوەگلان لە ماددە هۆشبەرەکان زانی، بۆ ئەو مەبەستە داوای کرد حکوومەت چاوخشاندنەوە بەو بابەتەدا بکات.

زیاتر لە 31 ملیۆن کەس لە جیهاندا پێویستیان بە چارەسەری پزیشکی هەیە

بەپێی دواینێ ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، 275ملیۆن کەس لە جیهاندا ماددەی هۆشبەر بەکار دەهێنن، کە دەکاتە 5.6% دانیشتوانی گۆی زەوی و تەمەنیان بە گشتی لە نێوان 15 بۆ 64 ساڵدایە و 13.8 ملیۆن کەسیشیان تەمەنیان لە نێوان 15 بۆ 16 ساڵیدایە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاتر لە 31 ملیۆن کەس پێویستیان بە چارەسەری پزیشکی هەیە، هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لە ساڵی 2015دا زیاتر لە 450 هەزار کەس بە هۆی بەکارهێنانی حەب و دەرزی و ماددەی هۆشبەرەوە مردوون، لە هەرێمی کوردستانیش مەترسیی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر تا دێت زیاتر دەبێت.

تاقگە عومەر، بەڕێوەبەری گشتی لە دەستەی مافی مرۆڤ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەپێی ئەو ئامارەی لامانە، لە ساڵی 2018دا ڕێژەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بەم شێوەیە بووە: ئەوانەی بە ماددەی هۆشبەر حوکم دراون لە هەرسێ پارێزگای کوردستان هەولێر، سلێمانی، دهۆک، 1146 کەس بوون و 987 کەسیش لە ماددەی هۆشبەرەوە گلاون، هەروەها 283 کەس بازرگانییان پێوە کردووە و 1398 کەسیش لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی دادگادان و چاوەڕوانی بریارن.

بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی مافی مرۆڤ گوتیشی: بەپێی ئەو ئامارانەی لای ئێمەن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە بەرزبوونەوەدایە، چ ئەوانەی ئاڵوودە بوون و چ ئەوانەی بەکاری دەهێنن، بۆ ئەم مەبەستەش داوای هەمواری یاساکانمان کردووە، دواتر پێویستیمان بە هەڵمەتی نیشتیمانی هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم مەترسییە و ئێمەش لەو بارەوە ئامادەکاریمان کردووە و پێویستە هۆشیاری لەناو خەڵک بڵاو بکرێتەوە، داواشمان لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە هاوکارمان بن، چونکە بە کرانەوەی دەروازەکانی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر زیاتر دەبێت و پێویستە ڕێگری لە هاتنی بکرێت.

ئەوەشی خستە ڕوو، کە جگە لە گەنجان، کۆمەڵێک ئافرەتیش بە هۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە سزا دراون.



بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاسایشی هەولێر:
لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، 651 تۆمەتبار دەستگیرکراون و دەست بەسەر 92 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەردا گیراوە



هەولێر.. چەند کۆڵانێکی گەڕەکی تەیراوە نۆژەن دەکرێنەوە

بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی یەکی هەولێر ئاماژە بەوە دەکات، چەند کۆڵانێکی گەڕەکی تەیراوە نۆژەن دەکەنەوە.

دوێنێ، بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی یەک، لە پەیجی تایبەتیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، چەند وێنەیەکی کۆڵانەکانی تەیراوەی بڵاو کردووەتەوە و باس لەوە کراوە، چەند کۆڵانێکی گەڕەکی تەیراوە چاک کراونەتەوە و نۆژەن کراونەتەوە.

ماوەیەکە شارەوانیی هەولێر شەقامە سەرەکییەکانی هەولێر بەش بەش نۆژەن دەکاتەوە و قیرتاو دەکاتەوە، لە دوێنێ سێشەممەوە 2019/6/25 خەریکی نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنەوەی بەشێکی دیکەی شەقامی 100 مەترین، کە لەپێش مزگەوتی خدیجە الکبری تا نزیک نەخۆشخانەی ڕزگاریی.

پەیامی لقی11 پارتی لە سییەمین ساڵیادی ڕاگواستنی پشدەردا

لە یادی 30 ساڵەی ڕاگواستنی دانیشتوانی پشدەر لە لایەن ڕژێمی لەناوچوی بەعس و دوائر خاپوورکردنی شوێنەکان، لقی11 پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردۆتەوە و تێیدا جەخت لە داواکردنی جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەک بۆ ناوچەکە، داوای قەرەبووکردنەوەی خەڵکەکەشی دەکات، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

– جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان .

– پشدەری مەکرۆی کوردایەتی و بەرخودان .

سی ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا لە بەرواری 1989/6/26دا ، ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ شاری قەڵادزێ و ناحیە و کۆمەڵگا زۆرەملێکان و گوندەکانی سەر بەو قەزایەی ڕاگواست و لەگەڵ زەوی تەختی کردن .

پشدەر بەدرێژایی میژوو ، مەڵبەندی بەرخودان و کوردایەتی و ، بزاوتی نەتەوەیی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و هونەری بووە؛ خەڵکی ئەو دەڤەرە بە ئازایەتی و خانەدانی و دڵکراوەیی ناوبانگیان دەرکردووە .

لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دا پشدەر سەنگەرێکی لە شکان نەهاتووی شۆڕش بووە و جێگای بایەخی بارزانیی نەمر و سەرکردایەتی شۆڕش بووە، ماوەیەکی زۆر بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی لە دەڤەری پشدەر بووە .

لە شۆڕشی گوڵانیشدا خەڵکی ئەم دەڤەرە ڕەمزی شەکانەوەی بەیداخی پارتایەتی و کوردایەتی بوون. لەدوای ساڵی 1976 هەمیشە بەشێکی ئەم دەڤەرە ناوچەی ئازادکراوی شۆڕش بووە و بنکە و بارەگای زۆربەی حزبە کوردییەکان لە بناری پشدەر بوون.

بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٩١٧/٢٦) کەرتێ (٧٥/شندوخا الجنوبیە) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (زکریا عبدالله حسن) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصرف کوردستان الاسلامی الدولی للاستثمار والتنمیە) بکوژمێ (٧٨٠٣٠٠٠٠٠٠) حەفت ملیار وهەشت سەد وسێ ملیون دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ریڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕیژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٣٦٥٠٠٠٠٠٠) سێ ملیار وشەش سەد وپێنجی ملیون دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (١٩١٧/٢٦) کەرتێ(٧٥/شندوخا الجنوبیە) جور پێك هاتیە ژ عەردێ ڤالا ژ ئاڤاهی سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ عەردێ ڤالا ژ ئاڤاهی دکەڤیتە سەر دوو شارعێن فەرعی یین موبەلەت (٣٠م) واجیهە شیمال غەرب جەنوب روبەر (٣,٧٦,٦١) دونم کوژمێ خەملاندی (٣٦٥٠٠٠٠٠٠) سێ ملیار وشەش سەد وپێنجی ملیون دینار
هلات عبدالکریم محمد
جێ بەجێ کاری داد
***
دادگەها ماەکان دهوك
ژمارە/٣٩/م/٢٠١٩
رێکەفت/٢٥/٦/٢٠١٩
راگەهاندن
بو/داوالێکراو (لۆی موفق کامل) ل دیف داخازیا داخازکەر (لینا مرقس کورکیس) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا (النفقه) وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ تاخی زری لاند ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو رۆژنامێت رۆژانە دا ئامادە بی ل دادگەهی ل روژا ٢٠١٩/٧/١٥ یان بریکارەکێ ژ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگا تە پا شملی هێتە کرن
دادوەر/ شکر سلطان عدو
***
سەروکاتی یا باژێرڤانی یا کەلەك مولکایەتی
ژمارە/ ٢١٢
رێکەفت/ ٢٥ /٦/ ٢٠١٩
ب/راگەهاندنا نەخشێ روونکری
نڤیسارا ریڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە (٥١٩٧) لە ٢٠١٩/٦/٢٠ ئامازە بنڤیسارا ریڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە (١٤٤٤) لە ٢٠١٩/٥/٢٦ هیڤی یە بۆ ماوێ (٣٠) سیە رۆژان نەخشێ روونکری ئەوێ هاتیە دروست کرن بۆ دەڤەرەکێ ل ناڤ نەخشێ ژمارە (٤٧٣ أ) کو پارچا ژمارە (١٩٥/٩) کەرتی ١٢٢ ی ئاسکی کەلەك ب روبەرێ (٢٦٠٧ م٢) دکەڤیتە دناڤدا لدویڤ نەخشێ بنەرەتی بهێتە راگەهاندن د رۆژناما هەوەدا ئەڤجا هەر لایەن وکەسەکی یان هەر فەرمانگەهەکێ گازندەك یان تێبینیەك هەبیت لسەر وێ نەخشەی بلا ئاگەهداریا سەرۆکایەتیا باژێرڤانیامە بکەن دماوێ دیارکریدا ژبەرکو پشتی بدوماهی هاتنا ماوێ یاسای کەسەکێ ماف نینە چ گازندە یان داخازیا لسەر وی نەخشەی بکەت
فائق احمد علی
سەرۆکی شارەوانی کەلەك
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٠٥
رێکەفت: ٢٠١٩/٦/٢٤
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (دابینکرنا خوارنێ بو نەخوشخانێن زاخو و دام و دەزگەهێن ساخلەمیێن یێن سەرب قەزا زاخو قە) (١٩) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەت مەند دڤی بواری دا.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری قە و دیاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠١٩/٧/٤.
بو زانین سەرئیك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (ئێك شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠١٩/٧/٧)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٠٦
رێکەفت: ٢٠١٩/٦/٢٤
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (دابینکرنا خوارنێ بو نەخوشخانا زاخو و دام و دەزگەهێن ساخلەمیێن یێن سەرب قەزا زاخو قە) (١٩) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەت مەند دڤی بواری دا.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری قە و دیاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠١٩/٧/٤.
بو زانین سەرئیك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (ئێك شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠١٩/٧/٧)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٠٤
رێکەفت: ٢٠١٩/٦/٢٤
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (دابینکرنا خوارنێ بو نەخوشخانێن سەر ب قەزایێن (ئامێدیێ – ئاکرێ – بەردەرەش – و دام و دەزگەهێن ساخلەمیێن ب سەرڤە) (٢٢) CODE بهایێ تەندەری ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەت مەند دڤی بواری دا.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری قە و دیاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠١٩/٧/٤.
بو زانین سەرئیك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (ئێك شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠١٩/٧/٧)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ
***
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (دابینکرنا خوارنێ بو نەخوشخانێن تەنگافیا – هیڤی – سوتن و جوانکاریێ- ئافرەت وزار و کبوونێ – چاڤا - بەشێن نافخویی – دام و دەزگەهێن ساخلەمیێ یێن سەر ب ڕێڤەبەریا مە ڤە- کەرتێ شێخان- کەرتێ سێمێل – کەرتێ مانکێش) (٢١) CODE بهایێ تەندەری ٣٠٠,٠٠٠ سێ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەت مەند دڤی بواری دا.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری قە و دیاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠١٩/٧/٤.
بو زانین سەرئیك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (ئێك شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠١٩/٧/٧)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (BARVANK) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (BARVANK) بۆ کۆمپانیای (گرۆکۆ)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

خوێندنەوەیەک بۆ ئیشقی سافی هیرانی شاعیر



سەردار جاف: ئەڵمانیا

شاعیری تەسەوف و خواپەرستی و خۆشەویستی و ئیشقی دولبەر دەست و پەنجەیەکی دیار و دەروشاوەیە لە نێو ئەدەبی کلاسیکی کوردی و ناکرێ کە باس لە شیعری کلاسیکی بکرێ کەسێکی وەک ڕەوانشاد سافی هیرانی لە یاد بکرێ، تەنانەت لە نێو هونەری میلۆدی کوردیشدا وشەکانی دەبریسکێنەوە، بیر و هزرێکی بەرفرە و دەوڵەمەندی ئەوین و ئیشق و سوتان و پوکانەوە بۆ دولبەرەکەی، وشەکانی لە نێو ئاوازی کوردیدا ڕەنگینتر بە دەردەکەون و ئەم بواڕەی دەوڵەمەند کردووە، بیری و خەیاڵی ئێمەی هەمیشە بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە بێ ئەوەی هەست بە خۆمان بکەین، (ئەی موتریبی حەریفە) ی ڕەوانشاد تایەر تۆفیق لە خەیاڵدانی سافی هیرانییەوە هەڵقوڵابێ ئەوا ئێمەین لە سەر زارمان هەردەم دەیڵێینەوە و یادی خاڵە تایەر دەکەینەوە وەلێ لە بەر ئاشنا نەبوونمان یان بێ پەروواییمان کەمتر کاکی هیرانی بە هزرماندا دێتەوە.



یان کە پەرچەم و ئەگریجە خاوەکەی عەلی مەردانی ڕەوانشاد جۆش و خرۆشمان دەدا و بە دوژمنی دینی دەزانین، ئەوە شێخی سەنعانی کوردە کە بە پاکی و جوانی و بەرائەتەوە لە وەسف و پیاهەڵدانی دولبەرەکەیەتی، سەرباری ئەو تەکییە و موریدچاکییەی خواپەرستی قایلە بەو ڕێچکە باوەی دژ بە دینەکە چونکێ دولبەرەکەیشی لا شیرین و خۆشەویستە، قایلە بەوەی ئەو پەرچەمە بە سەر کوڵمەکانیدا پەخش بێت و پڕپەشمینێک بێت بە سەر گەردنیدا شۆڕبێتەوە، ئەوەیە ئەو حاڵەتە هۆگرییەی هیرانی کە لە نێو زیکر و تەهلیلە و خوداپەرستییەوە حاڵگرتووبێ، کەچی نەیتوانیوە لەوەسفی دولبەرەکەیدا کەمتەرخەم بێت و وەک خۆی وەسفی نەکات، بە جوانی و ڕوونی دەقاودەقی وەک خۆی لە ئەندێشە و نوسینەکانیا وێنای کردووە.

ئەگەر بە وردی دیقەتی دەقەکانی شاعیر بدەین دەزانین ئایین و خۆشەویستی و ئیشقی یارەکەی وەک دوو هێڵی شەمەندەفەر هاوتەریب بوون و لە تای یەک تەرازوودا ڕایگرتوون و یەکسانی کردووە. وەک بۆماوەییش (میرات مانەوە) لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەو ڕێچکە و تەریقەتەوە لە نێو کوڕ و کوڕەزاکانیدا ڕەنگی داوەتەوە کە تەنها کەسێک جێنشینی گرتووە و درێژەی بەو تەریقەتە ئاینییەی دەدات. کە لای موورید و دەروێشانی کاکی هیرانی لە شای ئێران بە هەیبەتتر و قیمەتدارتر بووە لایان، ئەمڕۆیش ئەو ڕێگای ون نەکراوە.

ئیشق و ئەوین و دلگیرۆدەیی شۆخەژن لە دڵی شاعیردا دەردێکی کاریگەر بووە دەکارێ بڵێین ئاڵووەو و نەخۆشی ئاشقەکەی بووە، لە چەژندا عادەت بێ دەست و پێ و پەنجەکان خەناوی بکات، کە ئەو بێ ئاگا بێ و لە من و دڵی بۆم نەبێ و نەزانێ من چەند دڵبرینم و خوێنم لێ دەچۆڕێ بۆ بە خەنە دەست و پێی جوان دەکا با بێت و بە خۆێنی برین و ئازار و نەخۆشی من کە تووشم بووە بۆ ئەو، با دەست و پێ و پەنجەکانی خەنەیی بکا...

ڕۆژی عەیدان عادەتە دەستی حەنایی کا، مەگەر
سا کە وابێ، دێ بە خوێنم پەنجەکەی ڕەنگین دەکا

تەماشا چۆن لە گەرمەی خۆشی و کەیفسازی تەواوی خەڵکی موسڵمان کە جەژن دەگێڕن و شایی و لۆغانیانە و یارەکەیشی دەستی خەنەبەندان دەکا، پێشوەخی گەرەکمە ئەوە بێژم کە خەنەبەدان و خەنە گرتنە دەست دەڵالەتی ڕەوینەوەی خەم و خەفەت و کۆست کەوتنە و هاتنی ڕۆژی جۆش و خرۆشییە، دەڵێ کە لە ئەوەمان تەنها وەک نمونەیەک هێنایەوە کە ئیشق لای سافی بۆتە نەخۆشی و خوێنچۆڕاندن.

ئەگەر ئێمەی تەمەندارانی کەمتر دیدی بدەینێ ئەوا لە گۆرانییە پڕ سۆزدارییەکانی خۆشەویستیدا دیارە کە گەنجانی ئەمڕۆ جۆش و خرۆشێکی دیکەیان بە وشە و بیر و ئەندێشەکانی شاعیر داوە ئەوە لای هێمن حوسێن بەدی دەکرێ کاتێ میلۆدییەکەی مەردان ئەگریجەی یارەکەی هیرانی ئاوێتەی چایخانەیەکی پڕ ئیشق دەکا لە تەک دۆمینەکردن و نێرگەلەوە بە یادی عەلی مەردان بیرو خەیاڵەکانی شاعیر دەڵێنەوە، سۆزێکی جوانتر و سەردەمیانەتری پێ دەبەخشێ، ئەمەیش ئەوە بە گوێماندا دەچڕپێنێ کە دەقەکانی شاعیر بۆ زەمەنێکی قەتیس کراو نەبووە و نییە و نەوە دوای نەوە نوێ دەبێتەوە، لە دەنگی ڕەوانشادان عەلی مەردان و خارە تایەرەوە بۆ عەدنان شەڕاوی و هاروهاج بوون، خوێندنەوەی ئەوەی تێڕوانین و دید و بۆچوونەکە هەڵاوێرد دەکەم، سروشت ئەو دیمەنە ڕەنگین و جوانەیە مەگەر تەنها شاعیر بە هەستە ناسکەکانی بتوانێ باسی بکات، لەوێوە درک بە دیوە شاراوەکانی سروشت دەکات دەزانێ ئەو گوڵە پێویستی بە خوێندنێکە جوانتر و لاف و گەزافی فانتازیانەتر بنوێنێ، سافی هەستی بەوە کردووە بۆیە جێ بایەخبووە، دەنگی کەوی تێکەڵ باخچە و باغی ئیرەمی تەکیەکەی کردووە، لە تەک حەوز و ئاوەکەیدا جوانی زێتری خوڵقاندووە، لە سروشت بە خەسڵەتە جوانەکەیەوە فرە حاڵی بووە و لە مانا و مەغزا و چێژەکانی تێگەیشتووە، دونیای خۆی جوانتر و قەشەنگتر و ڕەونەقدارتر کردووە ئاوێتە بوون و شوبهاندنی دوو دونیا بە یەک نیگا ئەوە کارامەیی و سەلیقەیی زەمانی خۆی بووە، لێ ئاوا شاعیر ژن و سروشت لەم گۆشە نیگایەوە یەک ڕەنگ دەکا.

ئەگەرچی سافی هیرانی هەندێ دەقی هاوشێوەی شاعیرانی دیکە داڕشتووە وەلێ زیرەکانە و ئەندازیارانە بیناسازی و تەلاری وشە ڕیزبەندی پێکاوە و باڵەخانەی دەقی بونیادناوە، پێشەکی دیوانەکەیدا لە بارەی شەیدایی بە جوانی سروشت و دەنگی باڵندەکان، بە پێی دیدگای سەردەمی پێشوو و تا ئەندازەیەکیش باوەڕبوونی هەندی دیدی نوێخوازی و بوونیادگەرایی ئەوە جارِ دەدرێ کە ترس لە سروشت گوازراوەتەوە بۆ ترس لە ژن، کەسایەتی ژن لە ئەفسانە و چیرۆک و سەربوردە کۆنەکانەوە سەرچاوەی ئەم بیرکردنەوەی گرتووە، میژووی مرۆڤایەتی خۆی لە خۆیدا نوێنەرایەتییەکی ڕوون و دیار و ئاشکرای ئەم پەیوەندییە پڕ مەترسییە دەخاتە ڕوو، ئەز لێرەدا بە دیوێکی دیکەدا وەک خوێندنەوەی ئەوی دی تێڕوانین و دید و بۆچوونەکە هەڵاوێرد دەکەم، سروشت ئەو دیمەنە ڕەنگین و جوانەیە مەگەر تەنها شاعیر بە هەستە ناسکەکانی بتوانێ باسی بکات، لەوێوە درک بە دیوە شاراوەکانی سروشت دەکات دەزانێ ئەو گوڵە پێویستی بە خوێندنێکە جوانتر و لاف و گەزافی فانتازیانەتر بنوێنێ، سافی هەستی بەوە کردووە بۆیە جێ بایەخبووە، دەنگی کەوی تێکەڵ باخچە و باغی ئیرەمی تەکیەکەی کردووە، لە تەک حەوز و ئاوەکەیدا جوانی زێتری خوڵقاندووە، لە سروشت بە خەسڵەتە جوانەکەیەوە فرە حاڵی بووە و لە مانا و مەغزا و چێژەکانی تێگەیشتووە، دونیای خۆی جوانتر و قەشەنگتر و ڕەونەقدارتر کردووە ئاوێتە بوون و شوبهاندنی دوو دونیا بە یەک نیگا ئەوە کارامەیی و سەلیقەیی زەمانی خۆی بووە، لێ ئاوا شاعیر ژن و سروشت لەم گۆشە نیگایەوە یەک ڕەنگ دەکا.

ئەگەرچی سافی هیرانی هەندێ دەقی هاوشێوەی شاعیرانی دیکە داڕشتووە وەلێ زیرەکانە و ئەندازیارانە بیناسازی و تەلاری وشە ڕیزبەندی پێکاوە و باڵەخانەی دەقی بونیادناوە، دەنگەکە کردبۆوە، دەنگەکەی ناسیەوە گوتی مام زاهیر ئەتوی؟! مام زاهیریش گوتی بەڕێ خەجیج ئەوە لۆ دەرکەی ناکەنەوە، دەمەکە لە دەرکەی دەدەم. داکم تۆزێ هۆشی هاتەوە بەرخۆی و دەرکەی کردەوە گوتی فەرمو، ئەویش سەلامی کرد و هاتەژۆرێ، ئیدی کاتێ منیش زانیم مام زاهیری شێلم فرۆشە لە ژووری هاتمە دەرێ و ئاهێکم بەبەرداهاتەوە و بەخێرهاتنی مام زاهیریم کرد و مام زاهیر پیاوێکی بەتەمەنی فەقیرحار بوو، دووسێ کچی عازەبی هەبوو بەو عارەبانە و شێلم فرۆشتنەی بەخێوی دەکردن، لە ژووری میوانان دانیشتین، دوای چا خواردنەوەی مام زاهیر گوتی: عوسمان یاخوا بەخێر بێیەوە و تەمەن درێژ بی، خۆت دەزانی ئەمە جیران و کەسی یەکدین، تۆزەک دەنگی نزم کرد و سەری لێم هینا پێش گۆتی: عوسمان قسەک هەیە دەمەوێ پێت بڵێم، منیش هێشتا هەناوەکوتە بەری نەدابووم گوتم مام زاهیر تۆ مامی منی خێر چت هەیە بەسەرچاو.

ئەویش گوتی بەس حەز دەکەم کەس نەزانی و لەنێوان خۆمان بی، وەلا کە وایگۆت تەزیەک لە بنی پێم هات و لە تەوقی سەرم چوە دەرێ، زۆر ترسام گوتم دەبی چ شتێک ڕووی دابی و نەمزانیبی، کوڕە برایەکانم دەبی چ شیکاری وردی دانە بە دانەی دەقی شیعریان نەکردووە، ئەوە جگە لەوەی زەمەنێکی زۆرتری گەرەکە هاوکات پێویستی بە سەرچاوەی شیکاری و شرۆڤەی زانستیانە و ئەکادیمیانەی فیکری و فەلسەفی و دەروونی هەیە، کە بە داخەوە ئێمە لەم ڕووە وە هەژارین و ئاشنا نەبوونی زمانەکەیش کارێکی وای کردووە لەو سەرچاوە بەهێز و دەوڵەمەندانەی وڵاتی ئەڵمانیا بێ بەش بین، هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا لە بری ئەم شرۆڤە سەرپێیە خوێندنەوەی وردی دەقە شیعرییەکانی بکەین، ئەگەر تەمەن ڕێ بدات و کۆسپ و تەگەرە ڕێمان لێ نەگرن.

لێرەوە دەمانەوێ ڕووی نوسین و قسەمان بکەینە ئەو قوتابییە زیر و چالاکانەی کۆلیژە ئەدەبییەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان لە پاڵ شاعیرانی دیکەی کلاسیکی کوردی بایەخ بە شیعرەکانی سافی بدرێ ناکرێ شاعیرێکی وا هەست ناسک نادیدە بکرێ، دەرگای توێژینەوە زانستییەکانیان بۆ کاکی هیرانی و دەقەکانی والا بکەن، یا دەکرێ نامەکانی ماستەر و دکتۆرا ئەم شاعیرەیش بگرێتەوە و زێتر بایەخدار بکرێ، ئەنجامدانی کاری وەها پێمان وابێ زیاتر شۆڕبوونەوەمان بە میژووی ئەدەبیات و شیعری کلاسیکی کوردی جارِ دەدا.

بە هیواین توانییێتمان ئەگەرچی نوسینێکی کورت و سەرپێی بوو بێت گەرانێکمان بە هزری سافیدا کردبێت، دەکارێ ڕەخنەگران زیاتر و زیاتر و بە دیدی بەرفراوانتر و بە سەرچاوەی فەراهەمکراوی بەردەستەوە ڕۆشنایی باشتر تیشکی جوانتر بخەنە سەر دەقە شیعرییەکانی..

سەرچاوە:

دیوانی سافی مستەفا هیرانی 1876ژ 1941 چاپ و بڵاوکردنەوە، سەقز، فەرهەنگسەرای هونەر و ئەندێشە، کەرەتی چاپ ژ یەکەم، بەهاری 2716ی

شێلم لەوێش هەیە...



عوبێد خدر گزمەشینی

سالێ هەشتایەکانەوەزع ناخۆشە، دوای تەواوکردنی خوێندنی پەیمانگا، گەرانەوەم لە وڵاتی ئوردن، دەبوایە بچمە تەجنید و ڕەوانەی سەربازی بکرێم، بەڵام براکەم کرابووە سەرباز و ڕەوانەی بەسرا کرابوو، کۆمەڵێ منداڵی سەرکەوبنکەی بەسەر و گێلاکی من جێهێشتبوو، کورِە گەورەکەی پازدە ساڵ دەبوو، ئەویش منداڵیکی چەتوون بوو، هەر خەریکی کۆتربازی بوو، ڕۆژێ تا ئێوارە لەو سەربان بۆ ئەو سەربان بازی دەدا، بۆیە دەبوایە هەم سەرپەرشتیان بکەم و هەمیش بەدزیەوە کارێک بکەم بەخێویان بکەم، خوا لە براکەم ڕازی بێ کورِەکانی هەندە شەڕاوی و هاروهاج بوون، خواخوام بوو کێشەی لە گەرِەک نەنێنەوە و توشی سەریەشەکم نەکەن، ئیدی من فیراربووم و لە سێبەری خۆم دەترسام، کە لە دەرکەیان دەدا هەناوم دەپسا، جێم پێ جی نەدەبوو.

ئێوارەک دوای نوێژی عیشا بەتوندی خەریکی نانخواردن بووم، لە دەرکەمان درا، بەڵام چ لەدەرکە دانێک دەتگوت مەفرەزەی حکومەتیە و تەحەڕی دەکات، هەر لەسەر نانی دەستم ڕەقبوو، پارووێک لەدەمم بوو نەمدەزانی قوتی بدەم یان فڕێی بدەم..!! بەپڕتاوی هەستام و نەمزانی بەرەو ژووری ڕابکەم یان بەرەو سەربانی و خۆم ئاودیووی ماڵە جیرانان بکەم، ئەو ماڵە گەورەم لێ بووە کونە مشک و جێیەک نەما خۆمی تێنێم، داکم و خوشکەکانم و براژنەکەم ڕەنگیان وەک زەعفەرانی لێهاتبوو، زۆر ترسان دائیرەی ئەمن بی و هاتبن بمگرن، ئیدی من خۆم هاویشتە پشت کەنتۆری نیونان خۆم شاردەوە و هەناسەم لە خۆم بڕی، داکیشم بە دڵەکوتە و ترس و لەرزەوە بەرەو دەرکەی چوو، منیش هەرچی ئایەت و حەدیسی ناو کتێبی مەکتەبێ هەبوو بەبیری خۆم دەیناوە و خوێندم، چۆکم دەتگۆ دەستارِە دێ و دەچی، بەو هاوینە گەرمەی یەک لەرزم گرتبوو خەریک بوو بقەسرم، دەنگی ددانم ڕۆژەرێیەک دەڕێیی، ئیدی چاوەڕێی گرتنێ بووم، دوایی ئەو چاوەڕوانییە ناخۆشە، داکم بە ترسەوە دەنگی ئەو کەسەی پشت دەرگای داو گوتی کێیە؟ دەنگێکی نێرانی گوتی خۆمانین، خۆمانین و دەنگی پیاوان، داکم دیاربوو بیری لە سەردەمیانەتری پێ دەبەخشێ، ئەمەیش ئەوە بە گوێماندا دەچڕپێنێ کە دەقەکانی شاعیر بۆ زەمەنێکی قەتیس کراو نەبووە و نییە و نەوە دوای نەوە نوێ دەبێتەوە، لە دەنگی ڕەوانشادان عەلی مەردان و خارە تایەرەوە بۆ عەدنان شەڕاوی و هاروهاج بوون، خوێندنەوەی ئەوەی تێڕوانین و دید و بۆچوونەکە هەڵاوێرد دەکەم، سروشت ئەو دیمەنە ڕەنگین و جوانەیە مەگەر تەنها شاعیر بە هەستە ناسکەکانی بتوانێ باسی بکات، لەوێوە درک بە دیوە شاراوەکانی سروشت دەکات دەزانێ ئەو گوڵە پێویستی بە خوێندنێکە جوانتر و لاف و گەزافی فانتازیانەتر بنوێنێ، سافی هەستی بەوە کردووە بۆیە جێ بایەخبووە، دەنگی کەوی تێکەڵ باخچە و باغی ئیرەمی تەکیەکەی کردووە، لە تەک حەوز و ئاوەکەیدا جوانی زێتری خوڵقاندووە، لە سروشت بە خەسڵەتە جوانەکەیەوە فرە حاڵی بووە و لە مانا و مەغزا و چێژەکانی تێگەیشتووە، دونیای خۆی جوانتر و قەشەنگتر و ڕەونەقدارتر کردووە ئاوێتە بوون و شوبهاندنی دوو دونیا بە یەک نیگا ئەوە کارامەیی و سەلیقەیی زەمانی خۆی بووە، لێ ئاوا شاعیر ژن و سروشت لەم گۆشە نیگایەوە یەک ڕەنگ دەکا.

ئەگەرچی سافی هیرانی هەندێ دەقی هاوشێوەی شاعیرانی دیکە داڕشتووە وەلێ زیرەکانە و ئەندازیارانە بیناسازی و تەلاری وشە ڕیزبەندی پێکاوە و باڵەخانەی دەقی بونیادناوە، پێشەکی دیوانەکەیدا لە بارەی شەیدایی بە جوانی سروشت و دەنگی باڵندەکان، بە پێی دیدگای سەردەمی پێشوو و تا ئەندازەیەکیش باوەڕبوونی هەندی دیدی نوێخوازی و بوونیادگەرایی ئەوە جارِ دەدرێ کە ترس لە سروشت گوازراوەتەوە بۆ ترس لە ژن، کەسایەتی ژن لە ئەفسانە و چیرۆک و سەربوردە کۆنەکانەوە سەرچاوەی ئەم بیرکردنەوەی گرتووە، میژووی مرۆڤایەتی خۆی لە خۆیدا نوێنەرایەتییەکی ڕوون و دیار و ئاشکرای ئەم پەیوەندییە پڕ مەترسییە دەخاتە ڕوو، ئەز لێرەدا بە دیوێکی دیکەدا وەک خوێندنەوەی ئەوی دی تێڕوانین و دید و بۆچوونەکە هەڵاوێرد دەکەم، سروشت ئەو دیمەنە ڕەنگین و جوانەیە مەگەر تەنها شاعیر بە هەستە ناسکەکانی بتوانێ باسی بکات، لەوێوە درک بە دیوە شاراوەکانی سروشت دەکات دەزانێ ئەو گوڵە پێویستی بە خوێندنێکە جوانتر و لاف و گەزافی فانتازیانەتر بنوێنێ، سافی هەستی بەوە کردووە بۆیە جێ بایەخبووە، دەنگی کەوی تێکەڵ باخچە و باغی ئیرەمی تەکیەکەی کردووە، لە تەک حەوز و ئاوەکەیدا جوانی زێتری خوڵقاندووە، لە سروشت بە خەسڵەتە جوانەکەیەوە فرە حاڵی بووە و لە مانا و مەغزا و چێژەکانی تێگەیشتووە، دونیای خۆی جوانتر و قەشەنگتر و ڕەونەقدارتر کردووە ئاوێتە بوون و شوبهاندنی دوو دونیا بە یەک نیگا ئەوە کارامەیی و سەلیقەیی زەمانی خۆی بووە، لێ ئاوا شاعیر ژن و سروشت لەم گۆشە نیگایەوە یەک ڕەنگ دەکا.



ئەگەرچی سافی هیرانی هەندێ دەقی هاوشێوەی شاعیرانی دیکە داڕشتووە وەلێ زیرەکانە و ئەندازیارانە بیناسازی و تەلاری وشە ڕیزبەندی پێکاوە و باڵەخانەی دەقی بونیادناوە، کەتنێکیان کردبی و منیان شەرمەزار کردبی، منیش تەماشایەکی ڕەنگ و ڕووی مام زاهیریم کرد وا بە چپە چپ قسان دەکا زۆر ترسام گوتم ئێ باشە دەبرێ، گۆتی ئاخر ئەو قسەیە نابی کەس بیزانی، نەهێنی بی، لە نێوان خۆمان، منیش سەیرێکی داکم و براژنەکەم کرد گوتم ئەنگۆ بڕۆنە دەرێ، ئەو دەرکەش پێوەبدەن، گوتم دەفەرموو ئەمرکە، مام زاهیری ڕەنگەکی هیناو برد و گوتی کەس گوێی لێ نییە، زیاتر ترسم لێ نیشت و لە دڵی خۆم گوتم دەبی چ قەومابی، بەهێواشی و بەنزمی گوتی عوسمان پرسیارێکم هەیە بەس تخوا بەراستی جوابم دەوە، منیش گوتم مام زاهیر بەخوای هەرچی بزانم پێت دەڵێم دەبرێ، گوتی ئەڕێ وراتی ئوردن شێلم فرۆشی لێیە؟ گوتم چیبی !!؟؟ گوتی ئوردن شێلم فرۆشی لێیە بە عارەبانەی شێلمی بفرۆشن، منیش وا پسایمە لە حەڕمەتان نەمزانی نە پێبکەنم، نە جوابی بدەمەوە، گۆتم مام زاهیر ئەو پرسیارە نهێنییەکەت بوو؟ گوتی ئەڕێوەلا پێم خۆشبوو بیزانم .. منیش گوتم بەڕێ لێیتی و پڕیتی لە شێلم فرۆش .. گۆتی ئێ درم داکەوت. لە دڵی خۆم گوتم ئەی سندان لەدڵتدا خۆ دڵی منت بەرداوە.

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/6/27 ژمارە (5777)
خەبات

سینۆگرافیا لەئەزموونی نوێ ی شانۆی کوردی دا



حەیدەر عەبدولرەحمان

ناتوانین نکۆڵی لەوەدا بکەین کە چمکی راستەقینەی سینۆگرافیا پەیوەستە بە تەکنیکی شانۆیی و هەموو ئەو جوانکاریی و پێکهاتە دەرەکی و ناوەکییانەی شانۆ بجوانیی و رۆحە زیندووەکەی خۆیەوە بەرجەستە دەکەن، سینۆگرافیاش وەک هونەرو زانست چونکە پەیوەست بوونێکی راستەوخۆی بە دیدو دەروونی بینەرەوە هەیە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ کار دەکاتە سەر بینەرو وروژاندنی، تا ئەو ئاستەی هەندێ جار لەژێر تینی ئەو کاریگەر بوونە بەسەر بینەردا، دەگاتە ئەو ئاستە کە بەنهێنی لەناو تاریکایی شانۆدا فرمێسکی خۆشی پێ بڕژێنێ بینەر لەو لەحزانەدا وا هەست دەکا دەگەڕێتەوە سەر خەسڵەتە رەسەنەکانی ئینسانیەتی خۆی، هەستە فسیۆلۆژییەکانی تێکرا چەشنی شەپۆلێک لەسۆزو ئەندێشە هەڵدەچن، کە هەندێ جار بەرگەی ئەو هەڵچوونە لەوەرگرتنی چێژو ستاتیکاو سۆز ناگرێ بە بێ ویستی خۆی لەژێر فشاری ئەو قەوارە بێسنوورە لەچێژ وەر گرتنی سینۆگرافیا.



وای لێ دێت کۆنترۆڵی خۆی لە دەست بدات، بەتایبەت ئەو کاتانەی نمایش هەموو پێکهاتە سینۆگرافیاکانی بەیەکەوە بەگەڕ دەخا، لەگەڵ ریتمی موزیک و سەما، ئەدای جەستە و ئیلقای جوانی ئەکتەر، کاتێ ئاوێزانی موزیک و رووناکی دەبن،نمایش لە باگ راوندی ژێر پەردەی شانۆ رووداوە نەبیندراوەکان، کە هەندێ جار وێنەی سینەمایی تێدا دروست دەکرێت و تێکەڵ بەموزیک دەکرێت، یان دروست کردنی تابلۆیەک لەبیدەنگی و کپی و خامۆشی و بەئاگا هێنانەوەی لەناکاوی بینەر و بەهاوسەنگ راگرتنی ریتمی شانۆ، بەکارهێنانی موئەسیراتی دەنگ،لەگەڵ ڕێژنەی باران و هاژەی شەپۆل و دەنگ و لووڕەی ئاژەڵە کێوییەکان لەکەشو هەواییکی خامۆش و دەیان کەرەستەی دیکەی بەسیحراوی بوونی شانۆ نغرۆ کردنی لەنێو ئامرازەکانی سینۆگرافیا، هەموو ئەم دیمەنانەچەند نموونەیەکن لە سیحری سینۆگرافیای شانۆیی، بۆ بەئاگا هێنانەوەی هەستەکانی بینەرو جولاندنیان سینۆگرافیا تاکە هونەرێک نیە بینەر بتوانێت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات بە تەنها، بەڵکو کۆمەڵە هونەرێکی یەکگرتووە کەلە هارمۆنیایێک دەچن پێکەوە لەشانۆدا یەک دەگرن و تەوژمێک لەجوانی دەخەنە سەر هەموو ئەندامە هەستیارەکانی بینەرو ناچاری ئەوەی دەکەن بێ کەوتنە ژێر ئەو هارمۆنیا هونەرییانە لە هۆڵی شانۆدا بە دیدو دەروونێکی خاڵی نەچێتە دەرەوە، بەڵکو وای لێ دەکەن نەتوانێت تا دێر دەمانێکییش لە ژێر کاریگەرییەکانی سینۆگرافیاو تەکنیکی شانۆییدا نەتوانێت خۆی رزگار بکات.

شانۆی هاوچاخ چەند ئەوەندەی بایەخی ب ناوەرۆک و نمایش و ئەکتەر داوە لە ناوەوە، ئەوەندەش زێتر بایەخی بە شێوە داوە، چونکە لەرەسەندا هەردوکییان تەواوکەری یەکترن، نەناوەرۆک بە تەنیا دەتوانێت بینەر بەهەموو ئەندامە هەستیارەکانی تێر بکات، نەشێوەی بێ گیانیش دەتوانێت شانۆ بە زیندوویەتی رابگرێت.

دەرهێنەر ناتوانێت لەو نێوەندەدا بایەخی خۆی بەتەنیا لایەکدا بدات، ئەگەر هاوسەنگی لە نێوان شێوەو ناوەرۆکدا دروست نەکات، کە رەنگە هەموو دەرهێنەرێکیش دەسەلاتی ئەو هاوسەنگ راگرتنەی نەبێت، یان پێی وابێ تەنیا تێکست دەتوانێت هەموو بۆشاییەکانی شانۆی بۆ پڕکاتەوە، خۆ ئەگەر وابوایەو تەکنیک و سینۆگرافیا نەبونایە، دەبوا هەموو تیکستەکانی چیخەف تا ئەمڕۆش لە دەلاقەکاندا تۆزیان لەسەر هەڵبنیشتێ شانۆنامەکانی شکسپیر گەردەلوولی زەمەن رایان مالێ ئەو تێگەیشتنە بە هەڵەیە بووە تا زەمەنێکی دوور شانۆی کوردییان دووچاری چەقێن کردووە و لە بازنەیەکی داخراودا خولی خواردۆتەوە، بایەخ نەدانی هونەریی و زانستی وەک پێویست لە رووە ستاتیکی و سایکۆلۆژی ومەعریفی و تەکنیکییەکانی شانۆ، لایەنێکی هەرە گەورەی لاوازی شانۆی کوردی بووە، وەک هەمان لاوازی بە گشتی لەدروست کردنی ئەکتەریشدا هەبووە،لەرابوورداوەدا هەندێ لە دەرهێنەرانمان پەروەردەیەکی بەهەڵەی ئەکتەریان کردووە، ئەکتەریان چەشنی تووتی لە قەفەس ناوە، بێ ئەوەی هیچ ئازادییەکی پێ ببەخشن، هەموو کەرەستەکانی سینۆگرافیایان بە فۆرمێکی واقیعی و سروشتی لە نمایشدا بەرجەستەکردووە، قورسایی هەرە زۆری خۆیان خستۆتە سەر دەق، دوور لەدروست کردنی دەلالەت و هیمای گوزارشت بەخش، لەو سینۆگرافیا لاوازانە، بۆیە ئێستاش لە گەڵ دابێت خۆ رزگار کردن لەو تەقلیدیەت و مەئلوفیەتە پێویستی بەدەست پێکردنی سەرەتایێکی تر هەیە کە هاوکوف بێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی زەمەن و پێشکەوتنەکانی، کەچی دەرهێنەری وا هەیە لەسەردەمی ئەمڕۆکەشدا هەمان ئەو توتیانەی پەنجا ساڵ دێنێتەوە سەرشانۆ هەمان شێوازو فۆرم و ستایلەکەی نیو سەدەی بەر لە ئێستا بەکاردێنێ؟ هەرگیزیش دان بە کۆتایی خۆی ناهێنێ...

ئەمە بەڵگەی مەرگی شانۆیە لەهەندێ جوغزی جوگرافی و لای هەندێ دەرهێنەری ماوە بەسەرچوو هەتا ئێستاش لە نێوەندی هەندێ لە دەرهێنەرە گەنجەکانیشمان کێشەی سینۆگرافیا هەیە لەوانە

1.سینۆگرافیا بەمانای گەورە کردنی قەوارەی دیکۆزو ئارایشت و هەندێ پێکهاتەی دیکەی سینۆگرافیا نیە وەک لەنمایشی هەندێ لەو دەرهێنەرە گەنجانەدا دەردەکەوێت، بەڵکو هەر زێدە کارییەک لەو پێکهاتانە، وەک سیمایەکی زەق و ناوازە لەنمایشدا دەردەکەوێت کە سینۆگرافیا لاواز دەکات،چەند ئەوەندەی ماندوو بوونی تێدا کرابێت، بەڵکو یەکێک لە رووە جوانیەکانی سینۆگرافیا ئەوەیە کە دەرهێنەر سیناریۆ بە سادەیی بەرجەستە بکات، بەڵام لە ناو سادەییەکەدا مەغزاو فەلسەفەو ستاتیکای شانۆیی وەک پێویست بگەیەنێت.

2هەندێکی دیکەیان قورسایی هەرە گەورەیان دەخەنە سەر یەکەیەکی سینۆگرافیا، کەچی پێکهاتەکانی دیکە فەرامۆش دەکەن، ئێمە لە شانۆدا گرنگە تا بۆمان بکرێت سوود لەهەموو پێکهاتەکانی سینۆگرافیا ببینین بۆ خزمەتی ئەکتەر کە کرۆکی راستەقینەو ریشەیی نمایشە.

3.ناکرێت دەرهێنەر لەرووی پراکتیکییەوە بۆ دروست کردنی سینۆگرافیا تەنها پشت بەخۆی ببەستێت، وەک هەندێ لە دەرهێنەرە لاوەکانی ئێمە پیادەی دەکەن، بەڵکو گرنگتر لەوە ئەوەیە کەسانی پسپۆر لەوبوارەدا بەشدار بن بۆ دروست کردنی سینۆگرافیا و بەرجەستە کردنی وەک پێویست،چونکە زۆر جار بەکارهێنانی بە هەڵە لەروونا کی، لەموزیک، لە دیکۆر دەبێتە مایەی لە بار بردنی سینۆگرافیا.

4.دەبێت ئەوکەسانەی ئەرکی کاری سینۆگرافیا دەگرنە ئەستۆ تێگەیشتنیان هەبێ بۆ شانۆ و لەو بوارەدا خاوەن ئەزموون بن، دەرهێنەر هەرکات ویستی ئەو بۆشاییانە بەکەسانی ناپسپۆر پڕ کاتەوە، ئەوە دەبێت ئەگەری روخانی نمایشەکەی بە دوور نەبینی.

5.بۆ بونیاتی نمایش دەرهێنەر پێویستی بە دابەشکردنی قۆناغەکانی جێ بەجێ کردن هەیە، هەر لە ئامادەکردنی تێکست و ئەکتەرەوە تا دەگاتە دیاری کردنی کات بۆ پرۆڤەو ماوەی پرۆڤە و بەپراکتیک کردنی، ئینجا خۆ ئامادە کردن بۆ سینۆگرافیاو رتووش کردنی نمایش، دەرهێنەر ئەگەر هەر قۆناغێک لەو قۆناغانە بە کاڵی بەجێ بهێڵێ و هەر لەسەرەتاوە زۆرینەی کاتی خۆی بۆ سینۆگرافیا تەرخان بکات ، ئەوە بۆشایی لەپێکهاتەکانی شانۆ دروست دەکات، بە تایبەت لە دروست کردنی ئەکتەردا، کە دواتر کاتی ئەوەی بەدەست نامێنێ پڕیان کاتەوە، سینۆگرافیاکەش ئەو ئامانجانە ناپێکێ، کە دەرهێنەر زۆر لە ئاوەتەکانی خۆی لە سەر بونیات نابوو.

6.هەندێکی دیکە لەو دەرهێنەرانە تێکست بە هەند وەرناگرن و پێیان وایە تەنها سینۆگرافیا دەتوانێت بینەر رازی بکات، دیسان دەرفەتێکی دیکە لەسەرکەوتنی نمایش لە دەست دەدەن، چونکە تەکنیک هەر چەند بەهێز بێت ئەگەر نەخرێتە نێو فەلسەفەیەکی دیاری کراو، ئەوە بینەر بە تەنها (شێوە)ی بێ ئامانج نمایشەکەت لی وەرناگرێت کە هیچ فەلسەفەیەک لەگەڵ خۆیدا نەباتە دەرەوە لەهۆڵی شانۆییدا..

شانۆی وێنە جگە لەوەی لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا بەرجەستە کراوەو بینەرێکی زۆری هەیە، لە ئێراقیشدا لەسالانی هەشتاکاندا لە سەر دەستی دەرهێنەری ناسراو (سەلاح قەسەب) وەک ئەزموونێکی نوێ ی شانۆیی گواستراوەتە ئێراق ،ئەو کات ژمارەیک لە قوتابیانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا کە کورد بوون، توانیان سوود لە شانۆی وێنە وەربگرن، ئەوانیش وەک ئەزموونێکی نوێ بەناوی شانۆی ئەزموونگەری بیگوازنەوە کوردستان و کاری لەسەر بکەن، سینۆگرافیا لەهەموو قۆناغەکانی رابوورداوودا لە شانۆی کوردی دا بەکار هاتووەو ئاستەکانیان بە پێی ئەزموونی تایبەتی دەرهێنەرەکان گۆڕاوە، بەڵام وەک دیاردەیەکی گشتی تێرترین شێوە لەکوردستاندا لە شانۆی ئەزموونگەری دا پەرەی سەندووە، دواتریش لەگەڵ پێگەیشتنی کۆمەڵێ دەرهێنەری خاوەن ئەزموون لەو ماوەیەدا سەر لەنوێ بایەخدان بە سینۆگرافیای شانۆیی تەشەنەی سەندەوە.

ئێستا بایەخ دان بەسینۆگرافیا نەبۆتە ئارەزوو بە دەست دەرهێنەرەوە، بگرە بۆتە چارەنوسی نمایش بە دەست بینەری هوشیاریی شانۆییەوە، کە زۆر بە وردی هەڵسوکەوت لەگەڵ نمایشدا دەکات، تا دەرهێنەر لە نمایشدا هەموو مافێک بەبینەر نەبەخشێت، بینەر ئامادە نیە نمایش لەدەرهێنەر وەربگرێت، ئەو دەسەلاتەیە وا دەکات دەرهێنەر بە ئاگاییەوە، هەڵسوکەوت لەگەڵ نمایشدا بکات، لە نێوان دوو بژاردەدا، یەکێکیان هەڵبژێرێ یان ئەوەی بینەر لێی وەردەگرێ یان بێدەنگ بوون.

دۆریس لیسنگ پێشەنگێکی دیکەی نووسەرە ژنەکان



بۆتان جەلال

رۆماننووسی ناوداری بەریتانیا (دۆریس لیسنگ) پاش بلاو کردنەوەی 50رۆمان، زیاتریش لە 50ساڵ بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و بەتایبەتیش مافی ئافرەت، دەستی داوەتە نووسینی یادداشتنامەی ژیان و بەسەرهاتەکانی ژیانی نێو بواری ئەدەب و سیاسەت، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە رۆمانە بەناوبانگەکەی (بیرخستنەوە) لە هەموو ئەوروپا و بەتایبەتیش لە بەریتانیادا سەرکەوتنی رادەبەدەری تۆمار کرد و دەنگۆی سەرکەوتنی لە نووسینی ئەو رۆمانەدا لە هەموو جیهاندا پەخش کرا.

ئەمە جگە لەوەی لە رۆمانی (پارچە)شدا کە بە ستایلێکی تازەی نووسیبوو، هەمان سەرکەوتن و ناوداری لێ وەدەست هێنابوو، لەگەڵ خۆشیدا گفتوگۆ و مشت و مڕێکی زۆریش لە نێوەندە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکان دروست کرد، پاش ئەوەی شرۆڤەی جیا جیا بۆ پاڵەوان و چیرۆکی ئەو رۆمانە کرا، کە هێڵی سەرەکی بابەتی رۆمانەکە لەوە دەدوێت کە ژن بنیادەمی یەکەمە و پێش پیاو خوڵقاوە و دەبێ ڕۆڵی لە ژیانیشدا لە پێشەوەی پیاو بێت. گرێانێکی دیکەش لەو رۆمانە ئەوە هەڵدەگرێت کە مەرج نییە هەموو ژنێک ڕەگەزێکی بەسوودی نێو کۆمەڵگای بێت، یان ڕەنگە ژنێک لە کاتی دووگیانی دا تەکنیکی هەر چەند بەهێز بێت ئەگەر نەخرێتە نێو فەلسەفەیەکی دیاری کراو، ئەوە بینەر بە تەنها (شێوە)ی بێ ئامانج نمایشەکەت لی وەرناگرێت کە هیچ فەلسەفەیەک لەگەڵ خۆیدا نەباتە دەرەوە لەهۆڵی شانۆییدا..

شانۆی وێنە جگە لەوەی لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا بەرجەستە کراوەو بینەرێکی زۆری هەیە، لە ئێراقیشدا لەسالانی هەشتاکاندا لە سەر دەستی دەرهێنەری ناسراو (سەلاح قەسەب) وەک ئەزموونێکی نوێ ی شانۆیی گواستراوەتە ئێراق ،ئەو کات ژمارەیک لە قوتابیانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا کە کورد بوون، توانیان سوود لە شانۆی وێنە وەربگرن، ئەوانیش وەک ئەزموونێکی نوێ بەناوی شانۆی ئەزموونگەری بیگوازنەوە کوردستان و کاری لەسەر بکەن، سینۆگرافیا لەهەموو قۆناغەکانی رابوورداوودا لە شانۆی کوردی دا بەکار هاتووەو ئاستەکانیان بە پێی ئەزموونی تایبەتی دەرهێنەرەکان گۆڕاوە، بەڵام وەک دیاردەیەکی گشتی تێرترین شێوە لەکوردستاندا لە شانۆی ئەزموونگەری دا پەرەی سەندووە، دواتریش لەگەڵ پێگەیشتنی کۆمەڵێ دەرهێنەری خاوەن ئەزموون لەو ماوەیەدا سەر لەنوێ بایەخدان بە سینۆگرافیای شانۆیی تەشەنەی سەندەوە.

ئێستا بایەخ دان بەسینۆگرافیا نەبۆتە ئارەزوو بە دەست دەرهێنەرەوە، بگرە بۆتە چارەنوسی نمایش بە دەست بینەری هوشیاریی شانۆییەوە، کە زۆر بە وردی هەڵسوکەوت لەگەڵ نمایشدا دەکات، تا دەرهێنەر لە نمایشدا هەموو مافێک بەبینەر نەبەخشێت، بینەر ئامادە نیە نمایش لەدەرهێنەر وەربگرێت، ئەو دەسەلاتەیە وا دەکات دەرهێنەر بە ئاگاییەوە، هەڵسوکەوت لەگەڵ نمایشدا بکات، لە نێوان دوو بژاردەدا، یەکێکیان هەڵبژێرێ یان ئەوەی بینەر لێی وەردەگرێ یان بێدەنگ بوون.

ئەدەب و دەست دەکات بە نووسینی ڕۆمان، چونکە لای ئەو ڕۆمان تاکە ژانرێکی ئەدەبە تاسە و ئاواتەکانی خۆی تیا بدۆزێتەوە.

لە ڕۆمانی (دایک) ڕۆڵی کاریگەری دایک وەک ئافرەت و دینامۆی ژیانی ئادەمیزاد هەر لە سەرەتای مندااڵییەوە تا پیر بوون بەرجەستە کردووە و یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە خۆی زۆر بەدڵییەتی و گوزارشتی دایکایەتی تیادا کردووە سەرەتا دەستپێکردنی بە نووسین بە ستایل و بەرهەمەکانی ڕۆماننووسی گەورە و جیهانی (دیکنز) سەرسام دەبێت و نووسینە بەراییەکانی لە ژێر کاریگەری ئەو نووسەرەدا نمایش کردووە.

ئەم ئافرەتە بلیمەتە بە هۆی ڕۆمانە بە پێزەکانییەوە سەرنج و سۆزی ڕەخنە گرانی ڕاکێشاوە، هەر ئەو هۆکارەش بوو وای کرد کە لێژنەی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی 2007ئەو خەڵاتە لە بواری ئەدەب بە دۆریس لیسنگ ببەخشی، کە ئەوکات تەمەنی 87ساڵان بوو، لە تەمەنی 88ساڵان بوو کە ڕۆمانی (دەرز)ی بڵاو کردەوە.



ئاشنا بکات..

دۆریس لیسنگ لە ساڵی 1919لە وڵاتی ئێران لە دایک بووە، باوکی و دایکی لە ژێر کاریگەری ترس و تۆقانی ڕووداوە جەرگبڕ و یادداشتنامەی ژیانی، ئێمە هەموومان لە ڕۆمانی (جارێکی دیکە خۆشەویستی) کە لە ساڵی 1996نووسیویەتی و هەروەها لە ڕۆمانی (داپیرەکان) کە لە ساڵی 2003بڵاوی کردۆتەوە، شتێک لە ژیانی تایبەتی ئەو ڕۆماننووسەمان خۆێندۆتەوە، کە ناڕاستەوخۆ لە زۆر شوێن بیر و بۆچوونەکانی خۆی تێکەڵ بە هزر و بۆچوونەکانی پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکان کردووە، بەڵام ڕەنگ بێ ئەوەندە بەس نەبێ بۆ تەمەنێکی درێژ و پڕ لە کارەسات و ئەزموونی نووسەرێکی گەورەی وەک دۆریس لیسنگ، مەگەر ئەمجارەیان لە نووسینەوەی یادداشتنامەکەیدا بەزۆر لایەن بە سەرهاتی ژیانی خۆیانیمان

لاوە بەنازەکەی کوردستان لە دیمانەیەکی خەباتدا

پۆڵا ئازاد سابیر:

دەرفەتێکی زێڕینم بۆ ڕەخسا تا بەشداری لە پاڵەوانیەتی لاوانی جیهان بکەم کە پاڵەوانیەتییەکی زۆر گەورە و ئاست بەرز بوو



دیمانە: هاوار مورتکەیی

پۆڵا ئازاد سابیر ئەو کوڕە بەنازەی شەترەنجی کوردستانە و یەکیکە لەو ئەستێرە لاوانەی کە دواڕۆژێکی گەش چاوەڕوانی دەکات، پۆڵا کە ئێستا تەمەنی 14ساڵە و لەتەمەنی شەش ساڵیدا لە ماڵەوە فێری ئەو یارییەیان کرد بەتایبەتیش لەلایەن باوک و مامەکانی و هەروەها بەخۆشی لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە پەرەی بە ئاستی خۆی دا،پۆڵا سەرباری تەمەنی بچووکی کەچی بەشداری چەندین پاڵەوانێتی کردووە لە ئاستی کوردستان و عێراق و جیهانی، ئەو کە ئێستا هەڵگری ڕیتینگی 1666ی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە، لەدیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی تێشک دەخاتە سەر دەسکەوت و خەونەکانی داهاتووی لە بواری شەترەنجەوە.

بنەما زانستییەکانی شەترەنج

لە دەستپێکدا پۆڵا ئازاد سابیر باسی لە سەرەتاکانی ژانی خۆی کرد و گوتی: لە ساڵی 2012دەرفەتێکی باشم بۆ ڕەخسا بە بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی ڕەمەزان کە یەکێتی شەترەنجی کوردستان و پەیمانگای کاپابلانکا ڕێکیان خستبوو لەو پاڵەوانییەتییە بوومە جێگای سەرنجی یاریزانانی شەترەنج و پەرپرسانی شەترەنج هەر ئەوە بوو زیاتر لە لایان ماڵەوە بایەخیان بە پێشخستنی ئاستم دا هەستیانکرد کە توانایەکی باشم هەیە لە شەترنج.

دووەم دەرفەت هەر لە ساڵی 2012بوو کاتێک بەشداریم کرد لە ریزی یانەی هەڵۆ لە پاڵەوانیەتی یانە پلە نایابەکانی کوردستان کە تیپەکە لە من و سێ مامم پێکهاتبوو لەو پاڵەوانیەتییەدا بچووکترین یاریزان بووم ئەوکاتە تەمەنم 7ساڵ بوو، هەر لە ساڵی 2012وەک بچووکترین یاریزان لە پاڵەوانیەتی پێشکەوتووانی کوردستان بەشدار بووم، لە ساڵی 2013بەردەوام بووم لەسەر مەشق و ڕاهێنان لە ڕێگای باوکم کە گرنگی بە بنەما زانستییەکان دەدا زۆر شتی گرنگی فێرکردم لەسەر کۆتایی یاری و ناوەڕاست و سەرەتاکانی یاریکردن.

هیوادارم ببمە ئەستێرەیەکی دیار و ناسراوی ئەم وەرزشە و بگەمە ئاستی گراندماستەر



ڕاهێنان لە ژێر سەرپەرشتی خۆمەریکی

دواتر ئەو شەترەنجزانە لەبارەی ئاستی دوای ئەوەی یانەی خانزاد ڕاهێنەرێکی نێودەوڵەتی دابین کرد و گوتی: گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ئاستی یاریکردنم دەرکەوت کاتێک یانەی شەترەنجی خانزاد ڕاهێنەرێکی نێودەوڵەتی لە ولاتی جۆرجیا هێنابوو بۆ مەشق پێکردنی یاریزانە تازە پێگەیشتووەکان کە ناوی جۆرجی خومریکی بوو شارەزاییەکی زۆری هەبوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی یاریزانی لاو و گەنج و تازە پێگەیشتووان.

لە ساڵی 2013دەرفەتێکی زێڕینم بۆ ڕەخسا بە بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی لاوانی جیهان لە شاری عەین لە ئیمارات کە پاڵەوانیەتییەکی زۆر گەورەبوو و ئاستی یاریزانەکان زۆر بەرز بوو من وەک یاریزانێک لە ئاستی خواروی 8ساڵ بەشدار بووم توانیم 5.5خاڵ لە 11یاری کۆبکەمەوە ئەوەش باشترین ئەنجام بوو لە نێوان یاریزانانی عیراق کە بەشداری ئەو پاڵەوانییەتییەیان کردبوو.

لە ساڵی 2014بەشداریم لە پاڵەوانییەتی (ئانا ئەلیکسندرا) لە شاری پۆتی لە جورجیا کرد کە پاڵەوانییەتییەکی زۆر بەهێز و زۆر گەورەبوو. لەم ساڵەدا بەشداری سەرجەم چالاکییەکانی یانەی شەترنجی خانزادم کرد و بەردەوام ئەنجامی باشم بدەستهێناوە.

پاڵەوان لەسەر ئاستی کوردستان وعێراق

پۆڵای لاو خاوەنی چەندین دەسکەوتووە بۆیە زیاتر باسیان دەکات و دەڵێت: لە ساڵی 2015بەشداریم لە چەندین پاڵەوانیەتی کرد کە یانەی شەترەنجی خانزاد ڕێکیخستبوون بە گشتی لەو پاڵەوانیەتییانە ئەنجامم زۆر باشبوو، بۆ نموونە لە پاڵەوانیەتی خێرا (بلیتز) بە بۆنەی ڕۆژی ئالا پلەی چواردەم بەدەستهێنا لە کاتێکدا کە یاریزانی نێودەوڵەتی حوسێن عەلی حوسێن، یەکەمی ئەم پاڵەوانیەتییە بوو. ئەوەو لە پاڵەوانیەتی پەروەردەکانی کوردستان لە تیمی هەڵبژاردەی پەروەردەی هەولێر بووم و توانیمان پلەی دووەم لەسەر ئاستی پەروەردەکانی کوردستان بەدەست بێنین.

لە سەرەتای 2016بەشداریم لە پاڵەوانیەتی هەولێری کراوە کرد لە گروپی (بی). لەم پاڵەوانیەتییە پلەی یەکەمم بەدەستهێنا کە پاڵەوانیەتییەکی بەهێز بوو.

هەر لە ساڵی 2016لەگەڵ تیمی یانەی شەترەنجی خانزاد وەک یاریزانێکی سەرەکی بەشداری پاڵەوانیەتی خولی عێراق بۆ یانە پلە نایابەکان کرد لە قۆناخی یەکەم لە پێنج یاریدا چوار خاڵم کۆکردەوە و یانەکەمان پلەی یەکەمی دووبارەی بەدەستهێنا. بەهەمانشێوە لەگەڵ یانەی شەترەنجی خانزاد بەشداری پاڵەوانیەتی یانە پلە نایابەکانی عێراق بووم لە ساڵەکانی 2017و 2018و 2019کە یانەی شەترەنجی خانزاد بەردەوام لە پێشەنگی یانەکانی عێراق بووە لەم ساڵانەدا.

هەر لە ساڵی 2017یەکێک بووم لە یاریزانانی یانەی شەترەنجی خانزاد کە لە پاڵەوانیەتی تازەپێگەیشتوانی یانەکانی عێراق خوار تەمەن 14 بەشداریمان کرد توانیمان پلەی یەکەم بەدەست بێنین کە ئەنجامێکی زۆر دڵخۆشکەربوو چونکە یانەی (ئیتسالات) چەندین ساڵبوو پاڵەوانی ئەو تەمەنە بوو.

نازناوێک لە تونس

لە کۆتاییدا پۆڵا ئازاد سابیر باس لە چەند بەشداریەکی نێودەوڵەتی و خەونەکان دەکات و دەڵێت: هەر لە ساڵی 2018دووجار بەشداریم لە دوو پاڵەوانیەتی لە دوو کاتی جیاواز لە ولاتی تونس کرد یەکەمییان پاڵەوانیەتی مونستیری نێودەوڵەتی بوو کە توانیم ببم بە پاڵەوانی تەمەن خواروی 16ساڵی و جامی پاڵەوانیەتییەکەم بەرزکردەوە و پاڵەوانیەتی دووەم بریتی بوو لە پاڵەوانیەتی عەرەب بۆ تەمەنەکان لە ژێر 14ساڵی بەشدار بووم بەڵام ئەنجامەکە بە دڵم نەبوو.

تاکو ئێستا چوار ڕاهێنەر مەشق و ڕاهێنانیان پێداوم ئەوانیش جۆرجی خومریکی بۆ ماوەی یەک مانگ و مامۆستا کاردۆ ئاکۆ بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ و کاپتن حوسێن عەلی حوسێن بۆ ماوەی چەند مانگێک و ڕاهێنەری ئێرانی ئاغای موسەویان بۆ ماوەی 15ڕۆژ. زۆر گرنگە ڕاهێنەرێکی نێو دەوڵەتی مەشق و ڕاهێنانم پێ بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستم و ئامادەکاری بۆ پاڵەوانیەتییە نێو دەوڵەتییەکان.

زۆر سەرسامم بە چەند یاریزانێک وەک میخائیل تال و بۆبی فیچەر و کارڵسن و لە یاریزانە کوردەکانیش هەر یەک لە کاپتن حوسێن عەلی حوسێن و کاپتن دیدار محەمەد زاهیر.

هیوادارم لە یاری شەترەنج ببم بە ئەستێرەکی دیار و ناسراوی ئەم وەرزشە و بگەمە ئاستی گراندماستەر و بە زووترین کات لایەنێک سپۆنسەریم بکات بۆ دابینکردنی ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتی بۆ هێنانە دی ئەو خەونەم و بەرزکردنەوەی ناوی کوردستان.



هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان ئامادەکاری دەکەن



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

لەڕۆژانی 24/6/2019وە تاکو چەند هەفتەیەکی دیکە تیپی لاوانی تۆپی پێی هەڵبژاردەی کوردستان ئامادەکاری بۆ پاڵەوانیەتی نۆرووەی کەپ دەکات کە لەولاتی نەرویژ بەڕێوەدەچێت.

بەئامادەبوونی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان لەیاریگای فرەنسۆ هەریری دووەم ، تیپی هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری بەتوانا و بەئەزموون ئەرسەلان جەلال ئامادەکاریی بۆ پاڵەوانیەتی نۆرووەی کەپ دەکات، ستافی ڕاهێنەرانی تیپی هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان بریتین لە هەر یەک ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەر، شیفان حاجی یاریدەدەر، کاوە ئیبراهیم ڕاهێنەری گۆڵپاریزان، هەروەها ستافی یاریزانانی هەڵبژاردەکە کە 24یاریزان لەخۆ دەگرێت و سەرجەم یاریزانەکان لەهەموو پاریزگاکانی کوردستان بەپێی پێوەری ئاست و توانایان لەپێکهاتەکەی هەڵبژاردەی کوردستان دەستنیشانکراون.

ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان لەبارەی ئامادەکاریی تیپەکەی بۆ پاڵەوانیەتی نۆرووەی کەپ بۆ خەبات ڕایگەیاند: ماوەیەکی زۆرە هەموو ڕێگاکانمان لێگیراوە بۆ بەشداریکردن لەپاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەبواری وەرزشدا، کەئەمەشیان مافێکی ڕەوای خۆمانە وەک هەموو ولاتانی دونیا ئێمەش مافی بەشداریکردنمان هەبێت لەپاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە لەبواری وەرزشدا، بەڵام خۆشبەختانە ڕێگایەک بەڕوومان کرایەوە بەهەوڵ وکۆششی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان کەبەسوپاسەوە ئەوان بوونەتە سەرچاوەی بووژاندنەوەی بواری وەرزش لەسەرجەم کوردستاندا.

ئەو ڕاهێنەرە لەدرێژەی قسەکانیدا زیاتر گوتی: ئامادەکاری تیپەکەمان تەنها بۆ بەشداریکردن نییە، بەڵکو هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینە گەڕ کە بەبێ نازناو وئەنجامی بەرز نەگەڕێینەوە کوردستان.

هەر لەبارەی دەستنیشانکردنی یاریزان بۆ ڕیزی تیپەکەوە ئەرسەلان جەلال بۆ ئەم مەبەستەیش گوتی: بێگومان بەپرپاری ڕاستەوخۆی ستافی ڕاهێنەران یاریزانان بۆ ڕیزی تیپەکە هەڵبژێردراون، ئەو یاریزانانەی کەدەستنیشانکراون لەگەڵ پلان و بیروکەی ئێمە دەگونجێن. بەهیوای ئەوەین بەئاستێکی بەرز بەشداری پاڵەوانیەتییەکە بکەین و چاومان لەئەنجامی بەرز و هێنانی نازناوی پاڵەوانیەتیەکەیە.

ئەگوێرۆ هەڕەشە لە مێسی دەکات



ڕاهێنەر و یاریزانانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بۆ تۆپی پی خۆشحاڵی خۆیان بەو سەرکەوتنەی بەسەر قەتەر نیشاندا و لەو یارییەشدا مێسی خەڵاتی باشترین یاریزانی پێ بەخشرا، سەبارەت بەمەش سێرجیۆ ئەگوێرۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەو وێنەیەی مێسی بڵاویکردبۆوە ڕاگەیاند: مێسی هەنگاوی یەکەمی دەستپێکرد، بۆیە پێویستە ئەو چاوەڕوانی پەرچەکردار بداتەوە، هەورەها ئەگوێرۆ گوتی: باسی ئەو پەرچەکرداره ناکەم، بەڵام ئێوە وەک ڕۆژنامەنووس بەم نزیکانە هەموو شتیک دەزانن.

دوای ئیفلاس بوونی بۆریس بیکەر خەڵات و یادگارییەکانی دەفرۆشێتەوە



خانەی زیادکردنی وایلز هاردی بەریتانی دەستی کردووە بە مەزادکردنی خەڵات و یادگارییەکانی بۆریس بیکەری ئەستێرەی دیاری پێشووی تینسی ئەڵمانی و خاوەنی سی نازناوی پاڵەوانێتی وێمبڵدۆن.

بۆریس بیکەر ئەو کارە دەکات بۆ ئەوەی قەرزەکانی پێ بداتەوە کە ماوەیەکە لەسەری کۆبوویتەوە و ئیفلاسی دارایی کردووە، لەنێو ئەو خەڵات و یادگارییانەی کە بیکەر لەرێگای ئینتەرنێتەوە نمایشی کردووە بریتیبە لەو جام و میدالیا بەنرخانەی کە لەماوەی ژانی وەرزشیدا بەدەستی هێناوە.

جیی باسە بیکەر ئێستا تەمەنی 51ساڵە و لە نیسانی رابردوو لەلایەن سەرۆکی کۆماری ئەفریقای ناوەراست وەک راوێژکاری رۆشنبیری و وەرزشی لەو ولاتە دامەزرا.

هەر شەوێکی مانەوەی رۆنالدۆ 8 هەزار یورۆی تێچووە



کریستیانۆ رۆنالدۆی ئەستێرەی پورتوگالی هەوارگەی رۆیال ڤێلای لە یۆنان جیهێشت کە بەیاوەری خێزانەکەی و چەند هاوڕێیەکی، گەشتێکی ئەو هەوارگەیان کردبوو، کە تێچووی هەر شەوێکی مانەوەیان 8هەزار یورۆ بووە، بەگوێرەی ئەو هەواڵەی رۆژنامەی کۆریری دیلۆسپۆرتی بڵاوی کردبۆوە.

رۆژنامەکە زیاتر دەڵێت: رۆنالدۆ سوور بووە لەسەر ئەوەی دیاریەکی گران بەها بۆ کارمەندانی ئەو هەوارگەیە جێبهێڵێت کە بریتی بووە لە 20هەزار یورۆ، جیی باسە سااڵی رابردووش رۆنالدۆ پشووی خۆی لەهەمان شوێنی ئەمجارە بەسەر برد و هەر لەو شوینەش گفتوگۆی کردبوو لەگەڵ یانەی یۆڤی لەبارەی گرێبەستەکەیان.

هیۆنیس: ئەگەر سانی پێمان رازی بێت دەیکڕین



ئۆلی هیونسن سەرۆکی یانەی باییرن میونشنی ئەڵمانی رایگەیاند کە یانەکەیان ئامادەیە لیرۆی سانی بکڕێت ئەگەر ئەو ئامادەباشی تیابێت مان سیتی جێبهێڵێت و بێتە بایرن.

هیونس بە رۆژنامەی بێلدی ئەڵمانی راگەیاندووە کە ئەگەر سانی پێیان رازی بێت ئەوا ئامادەن گرێبەستی لەگەڵدا مۆر بکەن، ئێمە بڕی 120 ملیۆن یورۆمان لەبەر دستدایە و ئێمە خاوەنی دوو نازناوین و دەمانەوێت ریزەکانمان بەهیزتر بکەین

ئەمشەو نەرویژییەکان ئومێدێکی زۆریان بە گراهام هەیە


سەبارەت بە یاریەکەی ئیمشەویان بەرامبەر هەڵبژاردەی ئینگلتەرا کە بڕیارە کاتژمێر 10ی ئەمشەو لە میانی یاریەکانی قۆناغی پێش کۆتایی مۆندیالی ئافرەتانی 2019بەیەک بگەن، مارتن سیۆگرنی راهێنەری هەڵبژاردەی ئافرەتانی نەرویژ ئەو یاریەی بە بەیاریەکی زەحمەت زانی و پێی وایە هیچ کەمتر نییە لە یاریی کۆتایی.

راهێنەری نەرویژ بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند و گوتی: ئەو یاریە هیندە ئاسان نییە، بەاڵم ئێمە لەو ئاستەداین کە یاریەکی لەم شیوەیە لەبەرژەوەندی خۆمان کۆتایی پێ بێنین، زۆر نیگەرانین بەوەی کە کارۆلین گراهام هانسن پێکانی هەیە، بەاڵم تیمی پزیشکی مژدەی ئەوەیان پێ راگەیاندم کە دەتوانێت بەشداری پێ بکات، ئەو یاریزانە بۆ ئێمە زۆر گرنگە و توانایەکی باشی هەیە لەناو یاریگادا و ئومێدیکی زۆرمان پێی هەیە.

یاریگای سان سیرۆ تێک دەدرێت

تۆڕی سکای ئیتاڵی دووپاتی کردەوە کە هەردوو یانەی ئینتەر و ئەی سی میالن رێککەوتوون کە سەرلەنوێ یاریگایەک لە شاری میالنۆ بونیادبنێنەوە، وەک شوێنگرەوەیەکی یاریگای سان سیرۆی ئێستا.

تۆڕەکە بڵاویکردۆتەوە: یاریگا میژووییەکەی سان سیرۆ دەرخێندرێت و هەردوو یانەی ناوبراو بەیەکەوە یاریگاییەک لەتەنیش سانسیرۆ دروست دەکنەوە و چاوەڕوان دەکرێت لە وەرزی 2022-2023ئەو یاریگایە تەواو بکرێتە وە.



مان یونایتد پەلە دەکات لە جێبەجێکردنی پلانەکەی



رۆژنامەکانی ئینگلتەرا بڵاویان کردەوە کە یانەی مانچیتەر یونایتد پلانیکی تێرتەسەلی دارشتووە و بەدوای راهێنەرێکی نوێدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی ئەرکی یاریدەدەری یانەکەی پێ بسپێردرێت.

یانەی مان یونایتد بەنیازە سەرلەنوێ تیپەکە بونیادبنێتەوە لەرێگای ئەو پلانەی دایرشتووە، ئیستاش لەگفتوگۆدایە لەگەڵ هەریەک لە ریو فیردیناند و دارین فلیچەر بۆ ئەوەی ئەرکی یاریدەدەری گۆنار سۆلسکایەریان پی بسپێردرێت، مان یونایتد دەیەوێت بەر لە گەشتەکەیان بۆ ئوسترالیا ئەو پرسە یەکلابکەنەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Thu, 27. Jun. 2019 No: (5777)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر


یەڵدا سالّح مەحمود:

شیعری زۆرم بۆ سەربەخۆیی نووسیوە و تا دەگەینە ئەو ئاواتە لەمێژینەش سەربەخۆیی لە شیعری منداشوێنی تایبەتی هەیە



دیمانە: وریشە عومەر

یەڵدا سالّح مەحمود،لە دایکبووی ١٤/٤/١٩٨٦ لە شاری ئەردەکان سەر بە پارێزگای یەزد لە ئێران، ئەو کاتە بە هۆی پێشمەرگایەتی باوکیەوە ئاوارەی ئێران بوون. سیانزە ساڵی تەمەنی لە ئاوارەیی بەسەربردووە. قۆناغەکانی سەرەتای خوێندنی هەر لەوێ بە زمانی فارسی دەستپێکردووە. لە تەمەنی دە ساڵیدا خەڵاتی باشترین دارشتنی لە سەر ئاستی ئێران لە دەستی خاتەمی سەرۆککۆماری ئەوکاتی ئێران وەرگرتووە. پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەگەڵ ئەوەی نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە خوێندن، وازی لە خوێندنەوە نەهێنا هەر لەو قۆناغەشدا ئاشنای شیعری زۆر لە شاعیرانی گەورەی ئێرانی بووە و بۆتە سەرەتایەک بۆ چەکەرە کردنی هەستی شیعری و لە سەرەتادا تەنیا بە زمانی فارسی شیعری نووسیوە لەگەڵ هاتنە ئارای ئینتەرنێت لەگەڵ زۆر لە شاعیرە ناودارەکانی ئێران ئاشنا بووەو لە ئەنجوومەنەکانیشیاندا بەشداری چالاکی هەبووە. دوای ئەوە هەوڵیدا بۆ فێربوونی زمانی دایک و دەستیکردووە بە کوردی نووسین، ئەمەی سەرەوە وتەی دەستپێکی ئەم شاعیرە بوون لەم دیمانەیەدا بۆچوونەکانی ئەم خاتوونە دەربارەی دنیای شیعر بخوێنەوە:



بۆ شیعرت هەڵبژارد؟

شیعر سەرچاوەیەکی وشکنەبووی ئیستاتیکایەو ئەمەش لە ڕووی ڕێکخستنی وشەو شارەزایی لە ڕێنووس و بەکارهێنانی مانا جیاوازەکانی وشەکان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازی هەیە

لە زمانی شیعریتاندا وشەگەلێکی ناسک و چیرۆکئاسای ڕەمانسی بەدیدەکرێت، ئاخۆ ئەمە زادەی خەیاڵی سحری خۆتانە، یان پەیوستە بە ژیانی واقیعیتانەوە؟

خەیاڵ کەرەستەی سەرەکی دانانی بناغەی کۆشکی شیعرە، بەڵام زۆرجار ئەم خەیاڵە هەڵقوڵاوی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی شاعیرو کۆمەڵگاکەیەتی، بەڵام مەرج نیە هەموو تێکستە شیعرییەکانم پەیوەست بێت بە ژیانی تایبەتی خۆمەوە . زۆرجار چیرۆکێکی کاریگەر لە کۆمەڵگا و دەوروبەر بۆتە هەوێنی خوڵقاندنی تێکستێکی شیعری جوان . لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار شیعرم بۆ خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی خۆم نووسیووە

ئیلهامی زۆرێک لە شاعیران خۆشەویستەکەیانە یان دایکە یان نیشتیمانە ئیلهامی شیعری ئێوە چیە؟

ئیلهامی شیعری من لەوانەیە منالێکی دەستفرۆشی ترافیک لایەتێک بێت، یا ئافرەتێکی جەستە ئەنجنکراوی دەستی غەدر بەهۆی گومانێکی ناڕەوا . دایک و نیشتمان و عەشق سەرچاوە سەرەکیەکانی ئیلهامی شیعری زۆر لە شاعیرانن کە کۆمەڵێک لقی گەورە و بچووکتری لێدەبێتەوە. من هەوڵمداوە هاوسەنگییەک لەم نێوانەدا ڕابگرم و شیعرەکانم تایبەت نەبن بە بواریک . بەڵام بەهۆی ئەو باکگراوندە شۆڕشگێڕییەی خانەوادەکەم، نیشتمان و پێشمەرگەو شەهید پانتاییەکی گەورەیان لە شیعری من داگیر کردووە..

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شیعرەکانت کێشەیان بۆ دروست نەکردوویت؟

لەگەڵ ئەوەی من لەکاتێکدا شیعرەکانم لە سۆسیال میدیا بڵاوکراوەتەوە کە کۆمەڵگای ئێمە لەئاستێکدا نەبووە کە قبوڵی بە بوێری نووسینی ئافرەتێکی کورد بکات کە ئەوەی ویستویەتی نووسیویەتی و هیچ کۆت و بەندێکی بۆ خۆی نەبینیوە . لەبەر ئەوەی بڕوام بەخۆم و ڕابردووم هەبووە لە گرفت نەترساوم . زۆرجار گرفتەکان بە هۆی تێنەگەیشتنی خوێنەرو لێکدانەوەی جیاواز بۆ تێکستە شیعرییەکانم دروست دەبێت . ئەمەش کێشە بۆ خوێنەر دەخوڵقێنێ نەک من لەبەرئەوەی ناتوانێ خۆی ماندوو بکات و بە شوێن واتای دروستی شیعرەکاندا بگەڕێت.

ـ شیعرت بۆ سەربەخۆیی وتووە؟ چی دەڵێیت لەمبارەیەوە؟

بۆ کچێک کە لە ئاوارەیی لە دایکبووەو چەند پشتێکی پێشمەرگەو خەباتکار بوون سەربەخۆیی ئەقینێکی بێکۆتاییەو هەمیشە کەرەستەیەکی خاوی خەیاڵێکی جوانی شیعرییە. شیعری زۆرم بۆ سەربەخۆیی نووسیوە و تا دەگەینە ئەو ئاواتە لەمێژینەش سەربەخۆیی لە شیعری منداشوێنی تایبەتی هەیە.

ـ چەند بەرهەمی شیعریت هەیە؟

بەرهەمی شیعرییم زۆرە بە هەر دوو زمانی فارسی و کوردی و زۆربەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبوونەتەوە، بەڵام تا ئێستا هەوڵی سەر ژمێری و کۆکردنەوەیانم نەداوە و بە دیاریکراوی نازانم چەند تێکستی شیعرییم هەیە.

ـ تا چەند توانیوتە، شیعر بۆ پیاوان یان باشتر بڵێین ئازاد بووی لەوەی شیعر بە بەژن و بەاڵای پیاودا هەڵبدەیت؟

من هەمیشە خۆم بە ئازاد زانیوە لە دەربڕینی هەستەکانمداو وەک ئافرەتێک بە دڵنیاییەوە ڕەگەزی بەرامبەر دەبێتە هەوێنی هەندێ شیعر، شیعرم بۆ خۆشەویستی ڕەگەزی بەرامبەر هەیەو لە هەمانکاتیشدا شیعرم دژی نادادپەروەرییەکانی دژی ئافرەت هەیە.

ـ شیعر بۆکێ دەنووسیت؟

شیعری من ئاوێتەی واتایەکی شاراوەیەو خوێنەر دەبێت بۆ تێگەیشتن لە مەبەست مێشکی خۆی بگوشێت. شیعری من ڕاستەوخۆ نیە، واتاداراە، هەڵگری نهێنیە، کۆدی هەیە. ئەمانەش خەسڵەتێکی هەمیشەیی شیعری منن.



شیعرم بۆ خۆشەویستی هەیە، لە هەمانکاتیشدا شیعرم دژی نادادپەروەرییەکانی دژی ئافرەت هەیە

ئیندۆنێزیا.. دروستکردنی کاغەز لە پاشەڕۆی فیل



لە کارگەیەکی بەرهەمهێنانی کاغەز لە باخچەی ئاژەڵانی شاری بۆگۆر بە حەوت قۆناغی تەواو سروشتی کاغەز لە پاشەڕۆی فیلی جۆری سومەترە دروست دەکرێت کە جۆرە فیلێکی تایبەتە بە دوورگەی سومەترە.لە قۆناغی یەکەمدا پاشەڕۆی فیلەکان دەشۆردرێتەوە، دواتر دەکوڵێندرێت و وردەبوونەوەرەکانی ناوەوەی لەناو دەبرێن، پاشان ریشاڵەکانی ناو پاشەڕۆکە وشک دەکرێنەوە و لەگەڵ ئەو لە ئامێردا یەکجۆر دەکرێن و پەستانی دەخرێتە سەر و وەک دوا قۆناغیش دەکرێن بە کاغەز.بێ پەنابردنە بەر بەکارهێنانی ماددەی کیمیایی لە ١٠٠ کیلۆگرام پاشەڕۆی فیلدا نزیکەی ١٢ کیلۆگرام ریشاڵ بەرهەم دەهێندرێت کە بە تێکڕایی ٢١٠ پەڕە کاغەزی جۆری A3لێ بەرهەم دەهێندرێت.ئەو کاغەزانەی لە پاشەڕۆی فیل دروست دەکرێن هەروەها پەڕی فۆتۆ و پەڕی کتێب و پەڕاویشیان لێ دروست دەکرێت.ڕۆژانە نزیکەی دوو تۆن پاشەڕۆی ئەو فیلانە کۆدەکرێتەوە جگە لە دروستکردنی کاغەز وەک پەینی سروشتی بۆ پاراستنی هاوسەنگی سروشتی سیستەمی ژینگەپارێزی و کشتوکاڵی بەکاردەهێندرێت.



شاری ئەدەنە.. فیستیڤاڵێک بۆ شووتی خواردن

داهێنانەکانی ئەڵوەن گرافی بەردەوامە

خەبات: فاتمە قاسم حەبیب

ئەڵوەن گرافی گرووپێکی مەدەنییە و چەند ساڵێکە دامەزراوە و کار بۆ پەرەپێدانی توانای گەنجان دەکات ، بەهاوکاری سەنتەری لاوانی خانەقین خولێکی ڕۆژنامەوانی لەژێر ناوی بنەماکانی کاری ڕۆژنامەوانی کردەوە بۆ زیاتر لە پەنجا لاوی شاری خانەقین و دەوروبەری کە لە لایەن سەربەست برزۆ پەیامنێری ڕۆژنامەی خەبات وانە دەوترایەوە ، ئەوەی جێگای دڵخۆشییە ئەڵوەنییەکان هەمیشە لە دەهێنان بەردەوامن ، قوتابیانی خولەکە بونە مایەی سەرسام کردنی ئەڵوەن گرافی و سەنتەری لاوانی خانەقین و مامۆستاکەشیان ، رایان گەیاند لەو باوەڕەدا نەبون قوتابییەکان ئەوەندە بەتوانا بن ، لەکۆتایدا سەنتەری لاوانی خانەقین بڕوانامەی بەسەر قوتابییەکاندا دابەشکرد وخەڵاتی تایبەتی بەخشییە سەربەست برزۆ پەیامنێری خەبات و مامۆستای خولەکە ، جێی ئاماژە پێکردنە خولەکە ماوەیەی یەک هەفتە بەردەوام بوو.

